# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۸۶

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۸۶ – ڕەشەممەی – مارسی ۲۰۲۶


### سەروتار

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران به بۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن

٢٠٢٦

٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، وەبیرهێنەرەوەی ڕاستییەکی مێژووییە؛ پرسی ژن بابەتێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو گرێیەکی ناوەندییە لە پێکهاتەی چەوسانەوەی چینایەتیدا. لە یەکەمین مانگرتنەکانی ژنانی کرێکاری چنینەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، خەباتی ژنانی کرێکار دژی هەڵاواردن، کولتووری باوکسالاری و پیاوسالاری و ستەمی ڕەگەزی و جێندەری، هەمیشە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ خەبات دژی سەرمایەداری هەبووە. ستەم لە ژن لە فۆرمە مۆدێرنەکەیدا، لەگەڵ لۆژیکی کەڵەکەی سەرمایە، دابەشکاریی ڕەگەزی کار و بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار تێکەڵاوە. لە وەها پێکهاتەیەکدا، کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی ئەندامانی خێزان لەلایەن ژنانەوە کە ستوونی شاراوەی ئابوورییە، بە بێبایەخ ئەژمار دەکرێت و وابەستەیی ئابووریی ژنان وەک بابەتێکی سروشتی نیشان دەدرێت. بەم چەشنە، پیاوسالاری سازوکارێکی مادییە بۆ پاراستنی نەزمی دەسەڵات و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی. بۆیە ڕزگاری ژن بەبێ گۆڕانی ڕیشەیی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییە زاڵەکان مومکین نییە

لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، ژنان لە سەرتاسەری جیهان لە هێڵی پێشەوەی بەرگری و خەبات دژی ئەم هەڵاواردن و نایەکسانییانە وەستاونەتەوە. لە نارەزایەتییە بەربڵاوەکان دژی توندوتیژیی ڕەگەزییەوە بگرە تا مانگرتنە سەرتاسەرییەکانی ژنانی کرێکار لە کەرتەکانی دەرمان، پەروەردە و خزمەتگوزاریدا، ڕەوتێکی عەینی دەبینرێت: ژنان تەنیا قوربانییانی سیستەمی مەوجوود نین، بەڵکوو سووژەی گۆڕانکارین. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرمایەداری جیهانی هەوڵی داوە خەباتی ژنان لە چوارچێوەگەلێکی بێخەتەر بۆ نەزمی مەوجوود، هەرس بکات و پووچەڵی بکاتەوە. بەڵام بۆ ژنێکی کرێکار لە کارخانەکانی باشووری جیهانی یان بۆ پەرستار و مامۆستایەک کە بە گرێبەستی کاتی و کرێی نایەکسان کار دەکات، مەسەلەکە ئەو زەمینە لەرزۆک و خلیسکەیە کە ژیان و بژێوی ئەوانی لەسەر ڕاگیراوە و هەر ساتێک مەترسی



## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە، بڕووخێ کۆماری ئیسلامی

## ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

خامنەیی لە ئاگری شەڕێکدا سووتا کە خۆی یەکێک لە هەڵگیرسێنەرانی بوو

کومەڵە
سازمان کردستان حزب کمونیست ایران

## ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## ڕاگەیەندراوی هاوبەش

کوردستان لە بەردەم مەترسیی بوون بە ناوەندی سەرەکیی شەڕ و وێرانکاری هۆشدار بۆ هاوپەیمانیی ٦ حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستان

## بەیاننامەی هاوبەش

هەڕەشەکانی ڕەزا پەهلەوی دژ بە خەڵکی کوردستان، دەنگی پێی فاشیزمە




کۆماری ئیسلامی زیندانیان دەکاتە قەڵغانی مرۆیی بۆ پاراستنی خۆی

## داکۆکیکاری لێبڕاوی دەسەڵاتی شورایی خەڵکی کوردستان و کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی

هەرەسهێنانی لێ دەکرێت

لە ئێران، توندوتیژی دژی ژنان لە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێیەوە بگرە تا سنووردارکردنی مافی جیابوونەوە (تەڵاق)، سەرپەرشتی منداڵ، لەباربردنی منداڵ، هەڵبژاردنی جلوبەرگ، پەیوەندیی عاتفی و بڕیاردان لەسەر منداڵ بەدنیا هێنان، بەشێکە لە سازوکاری بەرهەمهێنانەوەی ئەم نەزمە. لەشی ژن لە وەها نەزمێکدا هی خۆی نییە، بەڵکوو وەک بابەتی کۆنترۆڵی خێزان، دەوڵەت، ئایین، مەزهەب یان داب و نەریتی کۆمەڵایەتی چاوی لێ دەکرێت. ڕاپەڕینی سەرتاسەری بەفرانباری ١٤٠٤، لە درێژەی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا کە ژنان تێیدا ڕۆڵی پێشەنگیان هەبوو و سیمای شارەکان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکانیان گۆڕی، جارێکی تر ڕۆڵی کارای ژنانی لە خەباتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاشکرا کرد. سەرکوتی خوێناوی، دەسبەسەرکردنە بەربڵاوەکان و ڕاپۆرتی بوونی پەنجا تەرمی ژنی بێناونیشان لە کەهریزک، وێنەیەکی هەژێنەری لە ماهییەتی دژەژن و سەرکوتگەری دەسەڵات خستە ڕوو. بێبەشکردنی بنەماڵەکان لە مافی ناسینەوە و پرسەگێڕان، درێژەی هەمان سیاسەتی سڕینەوە و بێشوناسکردنە کە ژنانی ناڕازی تەنانەت دوای مەرگیش دەکاتە ئامانج

لە بەرانبەر ئەم سیستەمە ئاپارتایدە ڕەگەزییە و لە بەرانبەر ئەم سەرکوتە بێسنوورەی حکوومەتی ئیسلامیدا، ڕاستی توندئاژۆ سەڵتەنەتخواز بە ئەدەبیاتێکی لێوالێو لە سووکایەتی ڕەگەزی و بێڕێزی بە ژنانی چالاکی سیاسی، بەکردەوە هەمان فەرهەنگی پیاوسالارانە و «لومپەنی» بەرهەم دەهێننەوە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرە حکوومەتییەکەیەتی. ژن لە گوتاری ئەواندا یا ئامرازێکی تەبلیغاتییە یان بابەتی پەلامار و تەخریب. ئەم ڕوانگەیە درێژەی هەمان لۆژیکی دەسەڵاتە لە فۆرمێکی دیکەدا

لە پەنای ئەم دوو جەمسەرە کۆنەپەرستەدا، ئاراستەیەکی دیکەش هەوڵ دەدات خەباتی ژنان بەرەو ڕێڕەوێکی بێخەتەر بۆ سەرمایەداری بەڕێ بکات. فێمینیزمی لیبراڵ، ئەم ڕوانگەیە، پرسی ژن بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ نایەکسانییە یاساییە تاکەکەسییەکان و کەمیی نوێنەرایەتی لە ئاستەکانی سەرەوەی دەسەڵات کورت دەکاتەوە؛ گۆیا ئەگەر ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان بگەنە پلەی وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان یان پارلەمان، کێشەی ڕزگاری چارەسەر دەبێت

فێمینیزمی لیبراڵ، بە ئاگاییەوە یان بێئاگایی، چوارچێوەی خاوەندارییەتیی تایبەت و لۆژیکی بازاڕ بە مەفرووز وەردەگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، یەکسانی بە واتای دەستڕاگەیشتنی یەکسانە بە کێبڕکێ لەنێو پێکهاتەیەکی نایەکساندا. تا کاتێک کە کاری کرێگرتەی چەوسێنەرانە، دابەشکاریی ڕەگەزیی کار و بەتایبەتیکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەرپا بێت، زۆرینەی ژنان لە پێگەی ژێردەستەدا دەمێننەوە. ڕزگاریی ژن نە لە «پشکبەندیی دەسەڵات»، بەڵکوو لە گۆڕینی بنەماکانی ئەو دەسەڵاتەدایە. هەر بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن کاتێک دەتوانێت ببێتە هێزێکی یەکلاکەرەوە کە لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پەیوەندییەکی ئۆرگانیک گرێ بدات. ئەرکی ئێمە، دروستکردنی پردێکە لەنێوان بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی هاوپشتی کۆمەڵایەتی. ٨ی مارس وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییەیە کە ئازادی ژن نە دیاری دەوڵەتەکانە و نە بەرهەمی کێبڕکێی زلهێزە جیهانییەکان. ئەم ڕزگارییە لە دڵی خۆڕێکخستنی ووشیارانە، خەباتی چینایەتی و گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەدایک دەبێت

ئێستا کە لە درێژەی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەپاندنەوەی هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا و



هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ سەقامگیرکردنی نەزمە دڵخوازەکەی و میلیتاریزەکردنی تەواوەتی ناوچەکە و هەڕەشەی شەڕ، لەلایەک و پێداگری کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدان بە سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی لەلایەکی دیکەوە، شەڕێکی وێرانکەر دەستی پێ کردووە و گیان و ئەمنییەت و بژێوی خەڵکی ئێران و ناوچەکەی خستووەتە ژێر چنگی خۆیەوە؛ بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی، لە سەڵتەنەتخوازانەوە بگرە تا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و هەندێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد، بە ئاشکرا پشتیوانی لە هێرشەکانی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکەن و ئەم جەنگە وەک «ڕێگەچارە» تەبلیغ دەکەن. ئەم ڕوانگەیە، خەڵک دەکاتە مەیدانی کێبڕکێی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان و چارەنووسیان بە موحاسەباتی جیۆپۆلیتیکەوە گرێ دەدات. جەنگ ئامرازی ڕزگاری نییە. بۆمباران و گەمارۆی ئابووریی ئیفلیجکەر، ئازادی و دادپەروەری ناهێنن؛ بەڵکوو زەمینەی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و ئیستبداد خۆش دەکەن. ڕزگاریی کۆمەڵایەتی تەنیا لە دڵی خۆڕێکخستنی سەربەخۆ و خەباتی وشیارانەی خەڵکەوە مومکینە. هەروەک چۆن ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە نیشانی داوە کە جەنگ و «ئازادکردن» لە دەرەوە، نەک هەر نەبووەتە هۆی ئازادی پایەدار، بەڵکوو بووەتە هۆی وێرانبوونی ژێرخانەکانی ژیان، پەرەسەندنی هەژاری، پەراوێزخستنی بزووتنەوە نارەزایەتی و پێشکەوتنخوازەکان و بەهێزبوونی هێزە کۆنەپەرستەکان. ژنان، منداڵان و توێژە بندەستەکان یەکەمین قوربانییانی وەها سیناریۆگەلێکن

ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە هەروەک چۆن پێشبینی دەکرا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی پەراوێز خستووە. ئێستا مەینەتییەکانی سەرچاوەگرتوو لەم جەنگە، کوشتار، وێرانکاری و ئاوارەیی و هەژاری و گرانی، هەموو پرسەکانی دیکەی خستووەتە ژێر سێبەری خۆیەوە. بێگومان لە وەها هەلومەرجێکدا هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی یەکگرتوویی و هاوپشتی لەنێوان خەڵک، ڕێکخستنی تیم و کۆمیتەکانی هاوبەشی و یارمەتی جەماوەری بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی جەنگ لەسەر ژیان و ئەمنییەتی خەڵک، لە ئەولەوییەتی چالاکانی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و بەتایبەت چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و لاوان لە گەڕەکی شارەکاندا قەرار دەگرێت. لەم هەلومەرجەدا هەرچەند کۆتاییهێنان بە شەڕ لە ڕێڕەوی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییەوە تێدەپەڕێت، بەڵام ڕاپەڕین بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی نە جووڵەیەکی خۆرسك، بەڵکوو لوتکەی خۆڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەرتاسەرییە. ئەم بابەتە تەنیا بە عەزم و ئیرادەی یەکگرتوو و هاوبەستەی هەموو ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. دەبێ بۆ ڕێکخستنی ئەم ئیرادەیە بەردەوام و بێوچان کار بکرێت.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەو ئەسڵە پێداگری دەکات کە ڕزگاری ژن و ڕزگاری چینی کرێکار دوو ڕێگای جیاواز نین، بەڵکوو دوو ڕەهەندی یەک خەباتی مێژوویی واحدن. لە بەرانبەر ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی، لە بەرانبەر ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و لە بەرانبەر ئەو بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی کە هیوا و ئومێدیان بەم جەنگە وێرانکەرە بەستووە تا هەلومەرجی دەستاودەستبوونی دەسەڵات لە بان سەری جەماوەرەوە بۆ ئەوان فەراهەم بکات، ئێمە جەخت لەسەر پێویستیی بنیاتنانی بەدیلێکی سۆسیالیستی دەکەینەوە؛ بەدیلێک کە تێیدا نە ڕەگەز، نە نەتەوە، نە چین و نە هیچ جیاوازییەکی دیکە نەبێتە بنەمای دەسەڵات و هەڵاواردن. ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمانە لەگەڵ ئەم ئاسۆیە؛ کۆمەڵگایەکی ئازاد، ڕزگار، یەکسان و خۆشگوزەران و بەدوور لە هەرچەشنە ستەمێکی ڕەگەزی و چینایەتی

**پیرۆز بێت ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن**

**بەرز و بەڕێز بێت یادی ئەو ژنانەی**

**لە ڕێگای ڕزگاریدا گیانیان بەخشی**

**نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە**

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامی**

**ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٤

٢ی مارسی ٢٠٢٦

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# خامنەیی لە ئاگری شەڕێکدا سووتا کە خۆی یەکێک لە هەڵگیرسێنەرانی بوو

عەلی خامنەیی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤، بەرانبەر بە ٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٦، لە یەکەمین ساتەکانی دەستپێکی شەڕێکدا کە خۆی یەکێک لە هەڵگیرسێنەرانی بوو، کوژرا. کوژرانی ناوبراو لە قەیراناویترین قۆناغی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ئەم ڕژیمە تاوانبارە و ئەو پێکهاتەیەی کە لەسەر سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ دامەزراوە و هەروەها دەرخەری ڕەوتی لاوازبوونی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

هەرچەند خامنەیی لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و بۆمبارانی دەوڵەتانی فاشیستی ئەمریکا و ئیسرائیل کوژرا،



بەڵام چۆنیەتیی ڕوودانی ئەمەش نەبووە ڕێگر لەوەی شادی ئاشکرا و پەنگخواردووی زۆرینەی مەزنی خەڵکی ئێران سەر هەڵنەدات. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی مەرگی ناوبراوەوە ٤٠ ڕۆژ ماتەمینی گشتی ڕاگەیاندووە، بەڵام خەڵکی جەرگسووتاوی ئێران کە ئەزموونی کوشتاری سامناکی ناڕازییانی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا هەیە، بۆ بیستنی هەواڵی مەرگی ساتژمێرییان دەکرد. کەم کەس هەن کە مەرگیان بەم چەشنە فرمێسکی شادی لە چاوی خەڵک بێنێ؛ تەنانەت ئەو چاوانەش کە بە فەرمانی وی بیناییان لە دەست دابوو، لەم ڕۆژەدا فرمێسکی شادییان ڕشت. ئەم شەپۆلی شادییە بەخاتری مەرگی جەللاد، جارێکی دیکە نیشانی دا کە دەریایەکی پڕ لە خوێن لە نێوان حکوومەتی ئیسلامی و خەڵکدایە

ناو و ڕوخساری خامنەیی تا بەر لە ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ١٣٩٨، لە بیرەوەریی خەڵکی ئێراندا وەبیرهێنەرەوەی تاوانی هاوینی ساڵی ٦٧ بوو. لەو سەردەمەدا خومەینی بە ڕاوێژ و هاودەستی لەگەڵ عەلی خامنەیی و ڕەفسەنجانی، بە ئامانجی چاوترسێنکردنی خەڵکێک کە لە شەڕ و نەهامەتیی ئابووری وەزاڵە هاتبوون، دەستیان دایە تاوانێکی دژەمرۆیی. لەو ڕۆژانەدا بە بڕیاری ئەوان، هەزاران زیندانی بە ڕوانگە جۆراوجۆرە سیاسییەکانەوە بەرەو جوخەی مەرگیان بەردن و لە گۆڕە بەکۆمەڵ و بێناونیشانەکاندا نێژران. بەڵام خامنەیی فەرمانی کوشتاری زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە ئاخیزی خەزەڵوەر و کوشتاری زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە شۆڕشی ژیناشی لە کارنامەدایە. خامنەیی وەک ڕێبەری ئایدیۆلۆژیکی حکوومەتی ئیسلامی، لە سەقامگیرکردنی پایەکانی ڕژیمێکی ئاپارتایدی ڕەگەزی، لە وەگەڕخستنی جنوونی مەزهەبی و پیرۆزکردنی دواکەوتوویی ونەهامەتی، لە دژایەتی کردنی ژن و سووکایەتی و پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی ژنان، لە برەودان بە جەهل و خوڕافە، لە زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە سیاسی، تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک، لە هەڵگیرساندنی شەڕە نیابەتییەکان بۆ شەکاندنەوەی ئاڵای ئیسلام و لە هێرشی بەردەوام بۆ سەر ژیان و بژێوی کرێکاران و هەرزانکردنی هێزی کاردا، لە هیچ هەوڵێک دریغی نەکرد. هەر بۆیە خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێران، بەتایبەت بنەماڵەی گیانبەختکردوان و بزووتنەوەی دادخوازی، بێسەبرانە خوازیاری ئەوە بوون کە خامنەیی بەراپەرینی جەماوەری ڕاپەریو دەزگای ستەمی تیکبشکی و لە دادگایەکی ئاشکرادا و لە بەردەم جەماوەردا بە تاوانی ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێت و بە سزای کردەوەکانی بگات

بەڵام خامنەیی لە ئاسمانەوە نەهاتبوو. ئەو یەکێک لە مۆرە سەرەکییەکانی دژە شۆڕشی ئیسلامی سیاسی بوو کە لە مەکتەبی خومەینیدا پەروەردە بوو و لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧دا ئەمریکا و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی دیکە بۆ ڕزگارکردنی سیستەمی سەرمایەداری ئێران هێنایانە پێشەوە. لە ڕەوتی شۆڕشی ٥٧دا کاتێک کرێکارانی پیشەسازی نەوت، هەناردەکردنی نەوتیان ڕاگرت و بە خواستە سیاسی و چینایەتییەکانی خۆیانەوە هاتنە مەیدان، کاتێک دەرکەوت دژە شۆڕشی ڕژیمی سەلتەنەتی ناتوانێت بە ڕشتنی خوێن لە شەقامی ژاڵەکان ڕاپەڕینی جەماوەر سەرکوت بکات، لەو ڕۆژانەدا ئەمریکا و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی دیکە بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری لە مەترسی شۆڕش، لە کۆنفرانسی "گوادلوپ" کۆبوونەوە تا بە ڕادەستکردنی ئەرتەش و دەزگای سەرکوتی حازر و ئامادەی ڕژیمی پەهلەوی بە ڕەوتی ئیسلامی، ئەرکی سەرکوت و بەخوێنکێشانی شۆڕشی پێ بسپێرن. عەلی خامنەیی بەرهەمی ئەو ڕەوتانە بوو

شووڕای سێ کەسی کاتی جێگرەوەی خامنەیی و کادری ڕێبەریی سپای پاسداران، بە ڕاگەیاندنی ٤٠ ڕۆژ ماتەمینی گشتی و بە هەڕەشە و تۆقاندن، دەیانەوێت مەرگی خامنەیی و هاوڕێکانیشی بکەنە دەرفەتێک بۆ یەکخستنەوە و ئینسجامدان بە ڕیزە تێکچووەکانی حکوومەتی ئیسلامی لەم دۆخە جەنگییەدا. لەگەڵ مەرگی خامنەیی، بەشگەلێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران کە ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هێرشەکانی ئەمریکا و ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ستراتیژییەکەیان پێک دەهێنێت، کوژرانی خامنەیی وەک ڕووداوێکی گرنگ لە چوارچێوەی ستراتیژیی سیاسیی خۆیان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرووی خەڵکەوە دەبینن

بەڵام کرێکارانی ئاگا و کۆمۆنیست دەزانن کە بە کوژرانی خامنەیی کۆماری ئیسلامی ناڕووخێت و ماشێنی کوشتارەکەی ناوەستێت. حکوومەتی ئیسلامی پشت بە حیزبێکی پادگانی وەک سپای پاسداران دەبەستێت کە ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. سپای پاسداران کە لەسەر پێکهاتەیەکی هەرەمی و یاسا توندە سەربازییەکان دامەزراوە، قەیرانەکانی نێو ڕژیم بەڕێوە دەبات و بۆ مۆرە لەدەستچووەکان جێگرەوە دیاری دەکات. کرێکارانی وشیار دەزانن کە شووشەی عومری حکوومەتی ئیسلامی لە دەستی چینی کرێکار دایە. هەر وەک چۆن کرێکارانی نەوت لە ڕەوتی شۆڕشی ٥٧دا بە گرتنەوەی شێری نەوت زەمینەی ڕووخانی ڕژیمی ئیستبدادی سەلتەنەتییان خۆش کرد، لە هەلومەرجی ئێستاشدا تەنیا بە مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە پیشەسازی و سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان وەک پیشەسازییەکانی نەوت، گاز و پەترۆشیمی، پیشەسازیی پۆڵا، ماشێنسازییەکان، زەوبئاهەن، گواستنەوە، پیشەسازیی بەرق، کانەکان، ڕێگا و بان و... و بە فەرمانی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و کۆتاییهێنان بە سزای سێدارە، دەتوانرێت قوڕگی حکوومەتی ئیسلامی بگیرێت و ماشێنی سەرکوتەکەی لە کار بخرێت

کرێکارانی کۆمۆنیست دەزانن کە ڕێگایەکی کورت و لابڕ بوونی نییە. مانگرتنی سەرتاسەریی کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێت هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕازییە پێشڕەوەکانی نێو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی هەماهەنگ بخاتە جووڵە. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتی پێک دەهێنێت، دەتوانێت یەکگرتوویی ڕیزەکانی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران تێک بشکێنێت، ناکۆکی و ناتەبایی نێو ڕیزەکانی ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە، هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات

**نا بۆ شەری کۆنەپەرستانە**

**ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٤

١ی مارسی ٢٠٢٦

***

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە، بڕووخێ کۆماری ئیسلامی

بەیانی ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤، بەرامبەر بە ٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٦، ئەرتەشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان و هەماهەنگدا، چەندین شوێنیان لە شارە جیاجیاکانی ئێرانیان کردە ئامانجی هێرشی مووشەکی و بۆردومان. بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەم شەڕەدا و لە ئاکامی بۆردومانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچان لە شاری "میناب"ی سەر بە پارێزگای هورموزگان لە باشووری ئێران، لانیکەم ١٦٠ کەس گیانیان لەدەست داوە و بەپێی هەندێک سەرچاوە، تا ئێستا بەگشتی زیاتر لە ٢٠٠ کەس کوژراون و زیاتر لە ٧٠٠ کەسیش بریندار بوون. لە بەرامبەردا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئیسرائیل و چەند بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکای لە ناوچەکە کردووەتە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکانی خۆی. ئەم پەلامارە سەربازییانە بەدوای گواستنەوەی هێز و میلیتاریزە کردنی تەواوەتی ناوچەکە لەلایەن ئەمریکاوە و لە کاتێکدا کە خولی دووەمی دانوستانەکانی نێوان شاندەکانی هەردوولا لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی شەڕی ئەمریکا و پێداگری کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی ئەتۆمی بێئاکام مابووەوە، دەستی پێ کردووە

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، ئەڵقەیەکی نوێیە لە زنجیرەی کێشمەکێشە ئیمپریالیستییەکان بۆ پێناسەکردنەوەی هاوسەنگی هێز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پتەوکردنی هەژمۆنی و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە، ڕێڕەوە ستراتیژییەکان و بازنەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەک و پەلەقاژەی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوە و بەشخوازی لە دارشتنەوەی نەزمی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە، جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووەتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. دەوڵەتی نیۆفاشیستی ترامپ کە هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانی بەرهەمی هاوسەنگی هێزی دوای شەڕی دووەمی جیهانی ژێرپێ خستووە و دوای جینۆساید لە غەززە و بە هاودەستی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، لەپێناو ئامانجە ئیمپریالیستییەکان و بەتایبەت لە کێبڕکێ لەگەڵ چین هەوڵ دەدات پرۆژەی شکلپێدانی نەزمی ئیمپریالیستی دڵخوازی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرێتە پێشەوە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک گرنگترین پێگەی ئیسلامی سیاسی بە لەمپەرێک لەسەر ڕێگای جێبەجێکردنی نەخشەکانی خۆی دەزانێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش کە لەپێناو ستراتیژیی مانەوەی خۆیدا سەدان ملیار دۆلار لە سەرچاوەکانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانی خەرجی پرۆژە و بەرنامە ئەتۆمییەکان، پڕچەککردنی هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت" و بەرزکردنەوەی جبەخانەی مووشەکی کردووە، ئەم شەڕە و تەنانەت ناوچەییکردنی شەڕەکە لە ڕاستای مانەوەی خۆیدا دەبینێتەوە

ئەم شەڕە لە هەمان کاتدا لەسەر بەستێنی قووڵبوونەوەی قەیرانە ناوخۆییەکان لە ئێران ڕوو دەدات. کۆمەڵگایەک کە ساڵانێکە لەژێر گوشاری جێبەجێکردنی بەرنامە نیۆلیبراڵییەکانی سەرمایەداری، هەرزانکردنی هێزی کار، هەڵاوسان و گرانی بێسنوور و قوڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی و لەژێر سەرکوتی سازماندراوی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و چالاکانی دیکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندایە. هەلومەرجێکی لەو چەشنە، کۆمەڵگای بەشێوەیەکی بەرچاو توشی زیان کردووە و دەرفەتی بۆ زلهێزە ئیمپریالیستەکان ڕەخساندووە تا لەم دۆخە کەڵک وەربگرن.

ئەم شەڕە وێرانگەرە لە کاتێکدا سێبەری خۆی بەسەر ئێران و ناوچەکەدا کێشاوە کە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا، لەژێر تیغی سەرکوتی ڕژیمی هار و دڕندەی کۆماری ئیسلامی و لەژێر گوشاری هەژاری و نەهامەتیی ئابووری و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکاندا، کۆمەڵگای ئێران هەزاران مانگرتن و



نارەزایەتیی کرێکاری، چوار ڕاپەڕین و هەڵچوونی جەماوەری و بزووتنەوەی نارەزایەتی بێوچانی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای ئەزموون کردووە. هەر بۆیە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای کوشتاری سامناک و دڵتەزێنی نارازییان لە ڕەوتی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی ئەم دواییە لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار و ئەو زەبروزەنگەی بەڕێوەی برد، نەیتوانی ترس بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. کۆمەڵگا بە خێرایی لە شۆک و سڕبوونی سەرەتایی تێپەڕی و خەم و تووڕەیی خۆی کردە وزەی هاوخەباتی و نارەزایەتی دژ بە پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدار. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی بەخاکسپاردن و بەرزڕاگرتنی یادی گیانبەختکردووان، مەحکوومکردنی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە، مانگرتنی سەرتاسەری قوتابخانەکان و نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە زانکۆ جیاوازەکان، ڕەنگدانەوەی ئەو کەشە گشتییە زاڵەیە بەسەر کۆمەڵگادا. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا، سیاسەتی دەستێوەردەرانەی ئەمریکا نە تەنیا یارمەتیدەری بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەبووە، بەڵکوو لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بووە

لە هەلومەرجی ئێستاشدا، ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە نە تەنیا یارمەتی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان نادات، بەڵکوو ئەم بزووتنەوانە پەراوێز دەخات. شەڕ هەرچەندەش کە "هۆشمەندانە" بێت و ئامانجەکانی ورد و لە پێشەوە دیاریکراو و بەناو "مرۆڤدۆستانە" بێت، وەک هەر شەڕێکی دیکەی کۆنەپەرستانە، کوشتار، وێرانکاری و ئاوارەیی لێ دەکەوێتەوە. لەژێر کاریگەریی ئەم ڕاستییانە و دۆخی جەنگیدا، پاراستنی ئەمنییەت و درێژەدان بە ژیان دەبێتە ئەولەوییەتی یەکەمی خەڵک و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان پەراوێز دەخرێن. بەدوای ئەوەشدا ئەولەوییەتی کاری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە وێرانکەرەکانی شەڕ لەسەر کار و ژیان و ئەمنییەتی خەڵک دەبێتە سەردێڕی ئەولەوییەتەکانیان. ئاشکرایە کە لە وەها هەلومەرجێکدا چالاکانی سۆسیالیست و ڕادیکال و پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بەتایبەت چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و لاوان لە گەڕەکی شارەکان، وێڕای ڕاگەیاندنی "نا"یەکی توند و لێبڕاوانە بەم شەڕە سەرمایەدارانە و کۆنەپەرستانەیە، دەبێ لە هەر ڕێگەیەکەوە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی و هاوپشتی لەنێو خەڵکدا تێبکۆشن و بە ڕێکخستنی تیم و کۆمیتەکانی هاوکاری و یارمەتیدانی جەماوەری، زیان و ئازارەکانی شەڕ لەسەر ژیان و ئەمنییەتی خەڵک کەم بکەنەوە. لەم دۆخەدا، کۆتاییهێنان بە شەڕ لە ڕێڕەوی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییەوە تێدەپەڕێت و دەبێ خەباتی ڕێکخراو بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی توندتر بکرێتەوە. بەڵام دەبێ بەردەوام هۆشداری بە خەڵک بدرێت کە جارێکی دیکە فریوی فەرمان و بانگەوازەکانی ترامپ و ناتانیاهۆ و ڕەزا پەهلەوی نەخۆن. ڕاپەڕین بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جووڵەیەکی خۆرسك نییە، بەڵکوو لوتکەی ڕێکخراوبوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەرتاسەرییە. ئەم کارە تەنیا بە ورە و ئیرادەی یەکگرتوو و هاوبەشی هەموو ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. دەبێ بۆ ڕێکخستنی ئەم ئیرادەیە بەردەوام و بێوچان هەنگاو هەڵبگیرێت

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕادەگەیەنێت کە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، درێژەی سیاسەتەکانی تاکوو ئێستایە و لە لایەن هەر دوو لاوە، شەڕێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیە. ئەم شەڕە نەک بۆ ئازادی خەڵک، بەڵکوو لە ڕاستای بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیک و ئابوورییەکانی زلهێزەکان بەڕێوە دەچێت. ئێمە هەرچەشنە هەوڵێک بۆ بەڕەوا نیشاندانی دەستێوەردانی دەرەکی بە ناوی "پشتیوانی لە خەڵک" ڕەت دەکەینەوە. ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە ڕزگاریی جەماوەری خەڵک لە ڕێگای هێرشی مووشەکی و بۆردومانی زلهێزە ئیمپریالیستەکانەوە بەدەست نایەت. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو و هێرشی سەربازی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق تا سووریە و لیبی بە ڕوونی دەریخستووە کە دەستێوەردانە سەربازییەکانی زلهێزەکان، جگە لە وێرانکردنی ژێرخانەکان، پەرەسەندنی هەژاری، ناسەقامگیریی درێژخایەن و بەهێزکردنی هێزە

کۆنەپەرستەکان، دەسکەوتێکی بۆ خەڵک نەبووە. لە هەمان کاتدا نابێ ڕێگە بدرێت ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی کە لایەنێکی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە، بە بیانووی بەرگری لە وڵات لە بەرامبەر دەستدرێژیی دەرەکیدا، کەشی کۆمەڵگا ئەمنیەتی بکات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان پەراوێز بخات

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە، بانگەوازی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دەکات بۆ پەرەپێدان و توندکردنەوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری



ئیسلامی و داوا لە چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەکات کە هەوڵەکانیان بۆ بابەتی ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری پەرە پێ بدەن. تەنیا بە پەلەکردن و چڕکردنەوەی هەوڵ و خەبات بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە شەڕی ئەم ڕژیمە جنایەتکارە ڕزگار بکرێن، هەوڵی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوایی و ڕاستڕەوەکان بۆ بەدیلسازی لە سەرەوەی ئیرادەی جەماوەر پووچەڵ بکرێتەوە و لە بەرامبەر نەزمی ناوچەیی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێتەوە

**نا بۆ ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤

٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٦

***

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## ڕەشەممەی ١٤٠٤

## فێوریەی ٢٠٢٦

پلێنۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٩، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە وەک چاودێر بانگهێشتی ئەم کۆبوونەوەیە کرابوون، ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ بەرامبەر بە ٢١ی فێوریەی ٢٠٢٦، بەڕێوەچوو

پلێنۆم بە سروودی "ئەنتەرناسیۆنال"، سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم، بەتایبەت ڕێزگرتن لە یادی هەزاران کەس لە نارازییانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەفرانباری ١٤٠٤ کە لەلایەن ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییەوە کۆمەڵکوژ کران، کارەکانی خۆی دەستپێکرد

یەکەمین دەستووری جەلسەی پلێنۆم، ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە بۆ پلێنۆم و ناساندنی ڕەشنووسی بەیاننامەیەک بوو کە تێیدا بە وردی شیکردنەوە بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان، قەیرانەکان و ڕەوتی لاوازبوونی زیاتری پێگەی کۆماری ئیسلامی، ڕاپەڕینی سەرتاسەری بەفرانبار و ڕیزبەندی هێزە سیاسییەکان کرابوو. بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم بابەتانە تیشکی خستبووە سەر ئەرک و ڕێکارەکانی کۆمەڵە لەم هەلومەرجەی کوردستاندا. بەدوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسی، هاوڕێیانی بەشدار لە پلێنۆم تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان بەمەبەستی وردکردنەوە و تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە خستەڕوو و کلیاتی بەیاننامەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. پلێنۆم  کۆمیتەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی خۆی راسپارد کە دوای جێگیرکردنی ئیسلاحات و گۆڕانکارییە پێویستەکان، دەقی کۆتایی بەیاننامەکە ئامادە و بڵاو بکاتەوە

لە ڕاپۆرتی سیاسیدا بە کورتی ئاوڕ لە گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دەورەیە لە جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درایەوە کە گۆڕانکارییەکانی کوردستانی سووریا "ڕۆژئاوا" لە چەقی ئەو باسەدا بوو. لەم پەیوەندییەدا جەخت لەوە کرایەوە کە بە جێگیربوونی پێگەی حکوومەتی "ئەحمەد ئەلشەرع" کە دەوڵەتێکی هاوئاراستە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و لە هەمان کاتدا لەژێر نفوز و کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی تورکیادایە، گوشارەکانی دەوڵەتی سووریا بۆ سەر ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا بەمەبەستی بەرەو شکست بردنی ئەو ئەزموونە، توندتر بووەتەوە

لەو ڕەوتەدا و بەپێی دوایین ڕێککەوتننامە کە لە ٣٠ی ژانویە لەنێوان ئەحمەد ئەلشەرع و مەزلووم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دێموکرات ئیمزا کراوە، بەشێکی زۆر لە هێزە پڕۆفیشناڵەکانی سووریای دێموکرات بە کردەوە لەنێو پێکهاتەی نوێی ئەرتەشی سووریادا تێکەڵ دەکرێن و دەخرێنە ژێر فەرماندەیی و ئیختیاراتی وەزارەتی بەرگریی سووریاوە. ناوەندە مەدەنییەکانی پارێزگای حەسەکە لەنێو دامەزراوە حکوومییەکانی سووریادا دەتوێنرێنەوە. فڕۆکەخانەی قامیشلو و دوو دەروازەی سەرەکی "سێمالکا" لەگەڵ هەرێمی کوردستان و "نەسێبین" لەگەڵ تورکیا و هەروەها کێڵگە نەوتییەکان لە ڕمێلان و ئەلسوێدیە ڕادەستی دەوڵەتی ناوەندی سووریا دەکرێنەوە. جێبەجێکردنی ئەم "ڕێککەوتننامەیە" بەتایبەت جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیوەست بە تێکەڵکردنی هێزەکانی سووریای دێموکرات لە پێکهاتەی وەزارەتی بەرگریی سووریا و ناچارکردنی ئەنجومەن، ڕێکخراو و ناوەندەکانی خۆبەڕێوەبەریی جەماوەری بە وەرگرتنی مۆڵەتی حکوومی، بە کردەوە بە واتای چەککردنی ڕۆژئاوا و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا و شکستپێهێنانی ئەو ئەزموونەیە

هەڵبەت لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە کە بەڕێوەبەران و بەرپرسانی ئیدارەی خۆسەر لە شوێن و پێگەی خۆیان دەمێننەوە و هێزەکانی سووریای دێموکرات ئەم بەندە وەک زەمانەتێک بۆ پێشگرتن لە هەڵوەشانەوەی ئیداری و کۆمەڵایەتی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لێک دەدەنەوە. هەروەها بەپێی ئەم ڕێککەوتنانە جەخت لەسەر پاراستنی مافی خوێندن بە زمانی کوردی و دانان بە مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان بۆ کوردەکان کراوەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم ڕێککەوتنانە نیشانی دەدەن کە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا لە پێکهاتەیەکی سیاسی نیمچە سەربەخۆوە بۆ دامەزراوەیەکی ئیداری لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندیی سووریادا پاشەکشەی کردووە. بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئیختیارات و کۆڵەکەکانی سەرەکی دەسەڵات وەک سەرچاوە ئابوورییەکان، ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان و پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لە دەستی دەوڵەتی ناوەندیدایە؛ دەوڵەتێک کە ماهییەتێکی سەرمایەدارانە و کۆنەپەرستانەی هەیە و هەر ئەم ڕاستییە دەستکەوتە سنووردارەکانی ئەم ڕێککەوتنانە تووشی ناسەقامگیری دەکات و دەیانخاتە بەردەم مەترسیی لەدەستچوون

کۆمەڵە لەسەر ئەو باوەڕەیە لە هەلومەرجی ئێستادا کە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا کەوتووەتە ژێر گوشاری هەماهەنگی دەوڵەتانی سووریا، تورکیا و ئەمریکاوە، تەنیا بەشداریی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی سووریا لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگە و بەدامەزراوەییکردنی دەستکەوتە دێموکراتیکەکانی تا ئێستا، پێداگری لەسەر مانەوەی چەک لە دەستی جەماوەری خەڵک بۆ بەرگری لەم دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەب لە سەرتاسەری سووریا، دەتوانێت هێزی هاوپشتی بەهێز بکات و ئاسۆیەکی ئومێدبەخش بۆ تێپەڕبوون لەم قۆناغە بخاتە بەردەم کۆمەڵگە. لەم هەلومەرجەدا، پێداگری لەسەر ئەو دەستکەوتانەی کە جەخت لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە

بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هەروەها مافی ژن لە ژینگەی بنەماڵە، یەکسانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزییەکان لە بەردەم یاسا، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لە کاروباری ئیدارە و بەڕێوەبردنی شار و گوندەکان و ئازادییە سیاسییەکان و ڕەچاوکردنیان لە کردەوەدا دەکەنەوە، دەتوانن بۆ ڕاکێشانی هاوپشتی مرۆڤە ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبەکان لە سەرتاسەری سووریا لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان یارمەتیدەر بن

کۆمەڵە وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی سەربازی و گوشارەکانی دەوڵەتانی سووریا و تورکیا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا و جینایەتەکانیان دژی خەڵکی کوردستان و درێژەی گەمارۆی کۆبانی، لێبراوانە پشتیوانی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی سووریا لە بەرامبەر ئەم گوشارانەدا دەکات. ئەزموونی ڕۆژئاوا جارێکی دیکە دەریخست کە نە ئەمریکا و نە هیچ دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستی پشتیوانی ئازادی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خەڵک نین و تەنیا لە ڕێگای پشتبەستنی وشیارانە بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوەوە دەتوانرێت ماشێنی شەڕ و داگیرکاریی زلهێزە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری پاشەکشە پێ بکرێت و ئاسۆی ڕزگاری لەبەردەم کۆمەڵگەدا بکرێتەوە. لەم هەلومەرجەدا ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپشتیی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبەکان لە ئاستی ناوچەکە و جیهان، بەتایبەت خەڵکی کوردستان لە تورکیا، عێراق و ئێران بۆ لای ڕۆژئاوا، دەتوانێت هاوسەنگیی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی سووریا بگۆڕێت

دەستووری جەلسەی دواتری پلێنۆم، ڕاپۆرتی تەشکیلاتیی ئۆرگانەکانی کۆمەڵە بوو کە لەلایەن بەرپرسانی ئۆرگانەکانەوە بە شێوەی نووسراوە یان زارەکی پێشکەش کرا. هاوڕێیانی بەشدار لەم باسەشدا ئاماژەیان بە لاوازی و کەموکوڕییەکان کرد و ڕەخنەیان لێ گرتن و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ باشترکردنی چالاکی ئۆرگانەکان خستەڕوو.

دەستووری جەلسەی کۆتایی پلێنۆمی دووەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، ئارایش و دابەشکردنی کاری هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لە ئۆرگانە تەشکیلاتییەکاندا بوو. پلێنۆم بەمەبەستی ڕێبەرایەتیکردنی چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵە لە مەودای نێوان دوو پلێنۆمدا، لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا، هاوڕێیان: ڕەئووف پەرەستار، ڕەحیم عەزیزپوور، محەممەد کەمالی، حەسەن شەمسی، سەلاح مازووجی و جەلال محەممەد نژاد ـی وەک ئەندامانی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە هەڵبژارد و بە هەڵبژاردنی هاوڕێ حەسەن شەمسی وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا

**کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٥ی ڕەشەممەی ١٤٠٤

٢٤ی فێوریەی ٢٠٢٦

***

# ڕاگەیەندراوی هاوبەش

## کوردستان لە بەردەم مەترسیی بوون بە ناوەندی سەرەکیی شەڕ و وێرانکاری

## هۆشدار بۆ هاوپەیمانیی ٦ حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستان

شەڕی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیارەوە. بۆردومان و مووشەکبارانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ تێکشکاندنی بنکە و بارەگا سەربازی، ئەمنی و حکومییەکان، بەتایبەت لە شارە سنوورییەکانی کوردستان، لەوانە سەردەشت، بانە، مەریوان، سنە، پاوە، بۆکان، مەهاباد و شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە توندییەکی زیاترەوە بەردەوامە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بوونی هەلومەرجی جەنگی، ئامادە نەبووە بنکە و ناوەندە سەربازی و ئینتیزامی و ئەمنییەکانی خۆی کە لە ناوچە ئاوەدانەکانی شار و گوندەکاندا جێگیر کراون، چۆڵ بکات. ئەم ڕژیمە تاوانکارە بۆ پاراستنی هێزە سەرکوتگەرەکانی خۆی، ئەوانی لە شوێنە گشتییەکان، قوتابخانەکان، مزگەوتەکان، بەشەناوخۆییەکان و شوێنەکانی دیکە نیشتەجێ کردووە و بە کردەوە خەڵک وەک قەڵغانی مرۆیی بۆ پاراستنی هێزە سەرکوتگەرەکانی خۆی بەکار دەهێنێت. ئەمەش ئەگەری هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکای بۆ سەر ئەو شوێنانە زیاد کردووە و خەڵکی بێدیفاعی خستووەتە بەردەم مەترسیی جیدییەوە. لەم دۆخەدا خەڵکی شارەکان ناچار بوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ماڵ و حاڵ و شاری خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو لە شوێنەکانی دیکە بکەن

لە لایەکی دیکەوە، هەواڵی پشتڕاستکراوە سەبارەت بە بڕیاری هێرشی زەمینیی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە کوردستانەوە بە هاوکاریی هاوپەیمانیی ٦ حیزب و ڕەوتی سیاسیی ناسیۆنالیستی ناسراو بە "هاوپەیمانیی کوردستانی" بڵاو بووەتەوە. بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیوەندیی تەلەفۆنیی ترامپ لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەدوای ئەوەشدا لەگەڵ "مستەفا هیجری"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەشەممە، ڕاستیی ئەو هەواڵانەی پشتڕاست کردەوە. دوای ئەم گفتوگۆیانە، لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییە باڵاکانی ئەم حیزبانە و هەروەک چۆن "سی ئێن ئێن"یش ڕاپۆرتی داوە، باس و خواسی هێرشی زەمینی بۆ سەر ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژانی داهاتوودا لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانیی ٦ حیزبەکەی کوردستانەوە پەرەی سەندووە

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێت ئەگەر شەڕەکە درێژەی کێشا و بووە شەڕێکی فەرسایشی، هەر کات پێویست بێت هێزی چەکداری هاوپەیمانیی ٦ حیزبەکەی کوردستان وەک پیادەنیزامی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامی بەکار بهێنن. ئاشکرایە کە دەرەنجامی ئەم سیاسەتە و هاتنی هێزی چەکداری ئەم حیزبانە بۆ ناو شارەکانی کوردستانی ئێران و بە وتەی ئەمریکاییەکان "بۆ هاندانی ڕاپەڕینی جەماوەری"، شارەکانی کوردستان دەکاتە کانگای سەرەکیی شەڕ و وێرانکاری. واتە ئەگەر ئەم هێزانە بەپێی نەخشەی ئەمریکا و ئیسرائیل جووڵە بکەن، بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو لایەکەوە لەژێر گوشاردایە و لە لێواری هەڵوەشانەوە و ڕووخاندایە، ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنن کە شارەکانی کوردستان بداتە بەر ئاگری چەکی قورس و مووشەکباران و ئەم ناوچەیە بکاتە مەیدانی سەرەکیی شەڕ و کاولکاری. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی ئیسرائیل ئاشکرا دەیهەوێت ئێران بکاتە سووریایەکی دیکە لە ناوچەکەدا

ئێمە واژۆکارانی ئەم بەیاننامەیە، جارێکی دیکە ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە مەحکووم دەکەین و دژایەتیی لێبڕاوانەی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی هاوپەیمانیی ٦ حیزبە کوردستانییەکە ڕادەگەیەنین و هەر لە ئێستاوە سەبارەت بە دەرەنجامی ئەم سیاسەتە کە دژی بەرژەوەندییەکانی خەباتی خەڵکی کوردستانە، هۆشدار دەدەین. هاوپەیمانیی ئەم حیزبانە لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەمریکا و دەوڵەتی نەسڵکوژی نەتانیاهوودا، سەرەڕای ئەوەی کە زیانی جیدی لە ئیعتیباری خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەدات، کوردستانیش دەکاتە یەکێک لە کانگاکانی شەڕ و وێرانکاری و ئاوارەیی. ئێمە هەروەک چۆن گەلێک جار ڕامانگەیاندووە، ئێستا کاتی بەهێزکردنی هاوپشتی و یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونە؛ کاتی هەوڵی بەپەلەیە بۆ دەستەبەرکردنی ملزومات و پێداویستییەکانی حاکمییەتی جەماوەری و شووراییی خەڵک لە خوارەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەتایبەت گەنجان لە گەڕەکەکاندا بە پێکهێنانی کۆمیتەکانی گەڕەک، کۆمیتەکانی هاویاری، پێکهێنانی تیمەکانی بەهاناوەچوون، بنکەکان و شووراکانی گەڕەکەکان بۆ بەهێزکردنی هاوپشتی لەنێو خەڵک و کەمکردنەوەی کارەساتەکانی ئەم شەڕە وێرانگەرە لەسەر ئەمنییەت و ژیانیان هەوڵ بدەن و تا ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی هێشتا کۆنتڕۆڵی ئیداری و حکوومیی خۆی لەدەست نەداوە، ئەم دامەزراوانە بۆ کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی شەڕ و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی خەڵک لەم دۆخە جەنگییەدا بەکار بهێنن؛ بە هەر ڕادەیەک کە کۆماری ئیسلامی لاواز دەبێت و پایەکانی دەسەڵاتەکەی دەلەرزێت و کۆنتڕۆڵی خۆی بەسەر کاروبارەکاندا لەدەست دەدات، لە ڕێگای هەر ئەم دامەزراوانەوە کۆنتڕۆڵی گەڕەک و شارەکان و بەڕێوەبردن و ئیدارەی کۆمەڵگا بە پشتبەستن بە سیستەمی دەسەڵاتداریی شووراییی لە ئەستۆ بگرن. ئەم کارە کردەییە و دەکرێت. دەبێ باوەڕمان بە هێزی جەماوەر هەبێت

هاوپەیمانیی ٦ حیزبە سیاسییەکە لە کوردستان دەبێ ئەوە بزانن کە ئەمریکا لە بەرنامەیدایە ئەزموونی کوردستانی سووریا لە کوردستانی ئێرانیش دووبارە بکاتەوە. ئەمریکا هەروەک چۆن لە هێزی ڕۆژئاوا وەک پیادەنیزامی شەڕ لەگەڵ داعش کەڵکی وەرگرت تا خوێن لە لووتی سەربازی ئەمریکایی نەیەت، لە شەڕی زەمینیشدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نایەوێت سەربازانی ئەمریکا پەلکێشی مەیدانەکە

بکات. لە کوردستانی سووریا لە ڕەوتی شەڕ لەگەڵ داعش، هەزاران تێکۆشەری یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن گیانی خۆیان بەخت کرد، بەڵام ئەمریکا سەرەنجام لە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ "ئەحمەد شەرع" و دەوڵەتی تورکیا بۆ بە شکست کێشانی ئەو ئەزموونە، لە هیچ جۆرە جەنایەت و هەوڵێک درێغییان نەکرد

لەم هەلومەرجە جەنگییەدا کە ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە کەوتووەتە ژێر گوشار، شووشەی تەمەنی ئەم ڕژیمە لە دەستی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز و ناڕازیی ئێراندایە. بە بەرزکردنەوەی درووشمی "شەڕ دەستبەجێ ڕاگرن" لە دۆخی ئێستادا، بە مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە پیشەسازی و کلیلەییەکانی بەرهەمهێنان وەک پیشەسازیی نەوت و گاز و پترۆشیمی، پیشەسازیی پۆڵا، کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێلسازی، زەوبئاهەن، گواستنەوە، پیشەسازیی کارەبا، کانەکان، هێڵی ئاسن و هتد، ئازادیی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و کۆتایی هێنان بە سزای لەسێدارەدان، دەتوانرێت قوڕگی حکوومەتی ئیسلامی بگوشرێت و ماشینە جەنگی و سەرکوتگەرەکەی لەکار بخات. مانگرتنی سەرتاسەریی کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێناندا دەتوانێت سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕازییە پێشکەوتنخوازەکانی نێو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی هەماهەنگ بخاتە جووڵە. مانگرتنی سیاسیی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتی پێک دەهێنێت، دەتوانێت شیرازەی ڕیزەکانی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران لێکهەڵوەشێنێت، کەلێنی نێو ڕیزەکانی ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات

**نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە**

**ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ**

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی دەسەڵاتداریی شوورایی خەڵک لە کوردستان!**

**شووراى هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

**ڕێکخستنی کوردستانی یەکێتیی سۆسیالیستیی کرێکاری**

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حیکمەتیست**

**کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٣ی ڕەشەممەی ١٤٠٤

٤ی مارسی ٢٠٢٦

***

## بەیاننامەی هاوبەش

# هەڕەشەکانی ڕەزا پەهلەوی دژ بە خەڵکی کوردستان، دەنگی پێی فاشیزمە

ڕەزا پەهلەوی ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی ڕەشەمە، بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە پلاتفۆرمی "ئێکس" و لە کاردانەوە بە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی "هاوپەیمانیی پێنج حیزب و لایەنی سیاسی کوردستانی ئێران"، ئەوانی بە چەند گرووپێکی "جوداییخواز" (تەجزیەتەڵەب) ناو برد کە گوایە "ئیدیعای خەیاڵی و بێبنەمایان سەبارەت بە یەکپارچەیی خاک و یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران" کردووە. ناوبراو لەم نووسراوەیەدا وێڕای پێداگری لەسەر "پاراستن و بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی ئێران وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ و وتووێژهەڵنەگر"، ڕایگەیاندووە کە: " یەکپارچەیی خاکی ئێران هێڵی سووری نەتەوەی گەورە و یەکگرتووی ئێمەیە. هەر تاک یان گرووپێک کە ئەم هێڵە سوورە ببەزێنێت، یان هاوکاری ئەو کەسانە بکات کە دەیبەزێنن، لەگەڵ وەڵامی توندی نەتەوەی وشیاری ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە."

ئەم دەنگەی هەنگاوەکانی فاشیزمی "پەهلەوی سێیەم"، هی تاکێکی خۆبەزلزان و بێبەری لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکانە کە دەیەوێت بە کۆمەکی هێرشی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و لە ژێر سێبەری شەڕ و کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە سەرووی ئیرادەی خەڵکەوە، لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشێت و دوای سەرکوتکردنی خوێناویی ڕاپەڕینی جەماوەر، خەونە قەدەغەکراوەکانی خۆی بکاتە ڕاستی. ڕەزا پەهلەوی ئەگەرچی لە نامیلکەی "دۆخی نائاسایی"دا ڕایگەیاندووە کە سەرانی هەر سێ دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن و یاسادانان و ئەندامانی "دامەزراوەی ڕاپەڕینی نەتەوەیی" و تەنانەت ئەو دامەزراوەیەی کە بڕیارە ڕێفراندۆمی قۆناغی گواستنەوە ڕێک بخات، خۆی دیارییان دەکات و ئیدارەی ئەمنییەتی نوێ (یان هەمان ساواکی کۆن) تەنیا وەڵامدەرەوەی خۆی دەبێت؛ بەڵام لە کاتێکدا هێشتا هیچکام لەم هەنگاوە سەرەتاییانەی هەڵنەگرتووە و ئەرتەش و سوپاشی وەرنەگرتووەتەوە، هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان دەکات. ئەگەر خومەینی دوای گەڕانەوە بۆ ئێران و وەرگرتنی ئەرتەش و ساواک و ڕێکخستنی سپای پاسدارانی دژە-شۆڕش، فەرمانی جیهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد، ئەوا ڕەزا پەهلەوی هێشتا بۆمبەکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا نەباریون، لە لۆسئانجلسەوە و بە ناوی "نەتەوەی ئێران"ەوە ئەم هەڕەشانەی دەست پێ کردووە

پێداگریی ڕەزا پەهلەوی لەسەر "پاراستن و بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی ئێران وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ"، ناوی نهێنی و ڕەمزی دژایەتیکردنە لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی ئێران و کۆدی دژایەتیکردنە لەگەڵ هەر چەشنە خەباتێک بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ "تەجزیەتەڵەبی"دا. ڕەزا پەهلەوی تا ئێستا چەندین جار لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانییەوە نەک هەر لەسەر "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران" پێداگریی کردووە، بەڵکوو تاکە ئەرکی ئەرتەشی بە "بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی وڵات" پێناسە کردووە.

میراتگری بنەماڵەی گەندەڵی پەهلەوی، هێشتا هیچ نەبووە، گۆپاڵی ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی بەسەر سەری خەڵکی کوردستان و هەر نەتەوەیەکدا ڕاگرتووە کە لەوانەیە لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا مەبەستی جیابوونەوەی لە ئێران هەبێت. لە حاڵێکدا کە پاراستنی یەکێتی و هاوپشتی خەڵکی ستەملێکراوی ئێران تەنیا لە ڕێگای بەفەرمی ناسینی مافی یەکسانی ئەوان لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری، بەفەرمی ناسینی ئازادییە سیاسییە بێمەرجەکان و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و نادادپەروەرییەکان تێدەپەڕێت، ڕەزا پەهلەوی لە بەرانبەر داخوازییەکان و خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، درێژە بە هەمان ڕێگای ڕژێمی دیکتاتۆری سەڵتەنەتی پەهلەوی و حکوومەتی ئیسلامی دەدات. ڕەزا پەهلەوی ئەگەر لە ڕەوتی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بە سازکردنی کۆڕبەندی جۆرجتاون و دواتر بە بڵاوکردنەوەی "مەنشووری مەهسا" لە پشتەوە خەنجەری لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا دا، ئێستا بە چەکی سواو و ژەنگاوی "دژایەتی لەگەڵ تەجزیەتەڵەبی" و بە چاندنی تۆوی دوژمنایەتی، دەیهەوێت لە نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، تەفرەقە و دووبەرەکی بنێتەوە

ئێمە واژۆکەرانی ئەم بەیاننامەیە، وێڕای مەحکوومکردنی هەڵوێستی کۆنەپەرستانە و دژە-شۆڕشی ڕەزا پەهلەوی کە ڕیشەی لە بەرژەوەندییەکانی شۆڤێنیزم و ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانیدایە، و وێڕای بەرگریی لێبڕاوانە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان تا ڕادەی جیابوونەوە، بانگەوازی سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین بۆ بەردەوامی و پەرەپێدانی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی و پاراستنی وشیاری لە بەرانبەر تەفرەقەنانەوەی فاشیستە سەڵتەنەتخوازەکان و ڕەزا پەهلەویدا

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شوورایی خەڵک لە کوردستان**

**شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان**

**تەشکیلاتی کوردستانی یەکێتیی سۆسیالیستیی کرێکاری**

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حیکمەتیست**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**


٧ی ڕەشەممەی ١٤٠٤

٢٦ی فێبریەی ٢٠٢٦

***

# کۆماری ئیسلامی زیندانیان دەکاتە قەڵغانی مرۆیی بۆ پاراستنی خۆی

لە ئاکامی ئەو شەڕەی کە لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە هەڵگیرساوە، تا ئێستا زۆرێک لە ناوەندە سەربازی، ئەمنی و حکوومەتییەکانی ڕژیمی ئیسلامی تێکشکێنراون. لەبەر ئەوەی حکوومەتی ئیسلامی بەشێکی زۆر لە دامودەزگا حکوومەتییەکانی لە نێو شار و گوندەکاندا جێگیر کردووە، لە ئاکامدا ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە زیان و قوربانییەکی زۆریشی بە خەڵکی ئاسایی لە شارەکانی ئێران گەیاندووە و سەدان کەس گیانیان لەدەست داوە. هەندێک لە ناوچە نیشتەجێبووەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکە بەهۆی ئەم شەڕەوە وێران بوون و زۆرێک لە خەڵک ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە. لەم نێوەدا هەواڵی نیگەرانکەر سەبارەت بە دۆخ و چارەنووسی دەیان و سەدان هەزار زیندانی لە بەندیخانەی شارەکانی ئێران بڵاو دەبێتەوە



لە دۆخێکی وەهادا، ڕژیمی جنایەتکاری ئیسلامی کە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر زۆرێک لە دامەزراوە دەوڵەتی و حکوومەتییەکاندا لەدەست داوە، توانای بەڕێوەبردن و ڕاگەیشتن بە کاروباری زیندانەکانیشی نەماوە و تەنانەت لە دابینکردنی خۆراک و پێداویستییە ڕۆژانەکانی دیکەشیان بێتوانایە. لە لایەکی دیکەوە، هەواڵەکان باس لە هەوڵی جنایەتکارانەی ڕژیم دەکەن بۆ گواستنەوەی زیندانیان بۆ شوێنە هەستیارە حکوومەتییەکان و بەکارهێنانیان وەک "قەڵغانی مرۆیی". لەوانە بەڕێوەبەرایەتی زیندانە گەورەکانی وەک "ئێڤین" و زیندانی تارانی گەورە (فەشافوویە) کە پادگانی "فەشافوویە"ش لە نزیکیەتی، تووشی قەیران بوون. بیستنی دەنگی تەقینەوە یەک لەدوای یەکەکان لە نزیکەوە، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زیندانیانی لە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر زیندانەکان چەند هێندە کردووە

لە شارەکانی کوردستانیش بنکە و ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکانی ڕژیم لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کراونەتە ئامانج. بەدوای بۆردومانی هەندێک لە ناوەندە سەربازی و ئیتلاعاتییەکان لە شارەکانی سنە، مەریوان، مەهاباد، بانە، سەردەشت، ئیلام، کرماشان و شارەکانی دیکەی کوردستان، نیگەرانییەکی زۆر سەبارەت بە چارەنووسی ئەو زیندانیانە دروست بووە کە لە گرتووخانەکانی نێو ئەم ناوەندانە یان لە دەوروبەریان ڕاگیراون. لە کاتێکدا میدیاکانی سەر بە دەسەڵات باس لە بۆردومانی "ئامانجە سەربازییەکان" دەکەن، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەو ڕاستییە ناکەن کە لە ژێر یان لە تەنیشت زۆرێک لەم بینایانەدا، زیندان و گرتووخانەگەلێک بوونیان هەیە کە دەیان و سەدان مرۆڤی بێ‌دفاع، زیندانیانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا بە دیل گیراون. حکوومەتی ئیسلامی بە بەندکردن و ڕاگرتنی ئەم مرۆڤانە لە زیندانەکان یان گواستنەوەیان بۆ ناوەندە ئینتزامی و ئیدارییەکان و بەکارهێنانیان وەک قەڵغانی مرۆیی، یاری بە گیانیان دەکات

ئەم شەڕە، شەڕی جەماوەر نییە. ئەم شەڕە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە کۆنەپەرستەکان و جەمسەرە سەرمایەدارییەکانە کە ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی تێچووی گیانی و ماڵییەکەی بەسەر ژیان و بژێویی چینی کرێکار، خەڵکی زەحمەتکێش، منداڵان، ژنان و زیندانیانی بێ‌دفاعدا سەپاندووە. زیندانیان و دەستبەسەرکراوان کە بەشێک لە قوربانیانی ڕاستەوخۆی ئەم شەڕە ئیرتیجاعی و جنایەتکارانەیەن، ئێستا لەبەردەم مەترسییەکی چەند هێندەدان. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بردنەپێشی ستراتیژیی مانەوەی خۆی، لە ڕێگەی پێداگری لەسەر درێژەدان بە بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکان؛ لە ڕێگەی ڕێکخستن و پڕچەککردنی هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت"، زەمینەی هەڵگیرسانی شەڕێکی وەها جنایەتکارانەی بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل خۆش کردووە. کۆماری ئیسلامی بۆ پێشخستنی ئەم ستراتیژییە سەدان ملیارد دۆلار تێچووی بەسەر سفرەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێراندا سەپاندووە و ژیان و بژێویی ٧٠ لە سەدی خەڵکی بۆ ژێر هێڵی هەژاری دابەزاندووە. ئەم ڕژیمە جنایەتکارە بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە دەنگێکی نارەزایەتی لە ناوخۆدا، بیساتی لەسێدارەدان و تیرۆر، زیندان و ئەشکەنجەی بەرپا کردووە

حکوومەتی ئیسلامی تەنیا لە ئاخێزی بەفرانباری ئەمساڵدا کە بە "ئاخێزی برسییەکان" ناوی دەرکرد، هەزاران کەسی کوشت و دەیان هەزار کەسی دەستگیر و زیندانی کرد، کە لە هەلومەرجی جەنگی ئێستادا نە دەتوانێت ئەمنییەتیان دابین بکات و نە توانای دابینکردنی خواردن و خۆراک و پێداویستییەکانی دیکەیانی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی ئیسلامی بەرپرسە لە پاراستنی گیانیان و هەر چەشنە زیانێک بەم زیندانیانە، چ بە هۆی بۆردومان و چ بە هۆی بێ‌تەدبیری یان گواستنەوەیان بۆ شوێنەکانی دیکە وەک قەڵغانی مرۆیی و بە مەبەستی پاراستنی دامودەزگاکانی ڕژیم، وەک تاوانێکی ئاشکرا دژ بە مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت. لە بارودۆخی ئێستادا، ئەم کردەوەیە دەتوانێت کارەساتێکی قەرەبوونەکراوەی بۆ زیندانیان لێ بکەوێتەوە

هەڵوێستی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان و ڕەوتە شۆڤێنیستە سەڵتەنەتخوازەکان و موجاهیدین، کە خۆیان لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەست بە مەترسی گیانی زیندانیان و کوشتاری خەڵکی مەدەنی دەدزنەوە و لە جیاتی ئەوە تەرکیز دەخەنە سەر ئەو ئیدیعایەی کە گوایە کاری کۆماری ئیسلامی تەواوە و ڕژیم لە حاڵی مەرگ و ڕووخاندایە، بە هەڵوێستێکی نابەرپرسانە و بێ‌تەفاوەتی لەئاست سەلامەت و ئەمنییەتی زیندانیان دادەنرێت

سەرباری هەموو ئەمانە، ئێستا کە گیانی زیندانیان کەوتووەتە بەر هەڕەشەی جیدی، خواستی ئازادیی دەستبەجێ و بێ‌مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، پێویستی و ئەرکێکی مرۆیی و سیاسیی بەپەلەیە. ئێمە هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەم جەنگە کۆنەپەرستانەیە، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە کە ڕێگای ڕزگاریی جەماوەر، نەک لە بازنەی جەنگ، بەڵکوو لە ڕێڕەوی هەوڵدان بۆ ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار، تێکۆشان بۆ پێکهاتنی ڕێبەرییەکی شۆڕشگێڕی سەرتاسەری، پەرەپێدانی شۆراکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و خەباتی ڕێکخراو بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی تێدەپەڕێت. دفاع لە ئازادیی زیندانیانی سیاسی، بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەباتی ئێمە دژی شەڕ و دژی ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی

❊❊❊

بو بینینی ڕاستەوخۆی
تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی
-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و
کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە
بکەن:

alternative-shorai.tv

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە کوژرانی خامنەیی جنایەتکار




دەیان ساڵە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ بۆ خامنەیی" لە هەموو ئێراندا دەنگ دەداتەوە؛ دەیان ساڵە لە هەر نارەزایەتی و ڕاپەڕینێکدا، بەتایبەت دوای بەفرانباری ٩٦، لە خەزەڵوەری ٩٨دا، لە ڕاپەڕینی مەزنی ١٤٠١ی "ژن، ژیان، ئازادی" و لە بەفرانباری ١٤٠٤دا، گرنگترین و سەرەکیترین دروشمی خۆپیشاندەران "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" بووە

ئێستا عەلی خامنەیی - ڕێبەری حکوومەتی ئیسلامی - و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەران و بەرپرسانی سەربازی و ئەمنی ڕژیم لە هێرشی هاوبەشی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا کوژراون. مەرگی خامنەیی بۆ ئەو خەڵکەی کە دەیان ساڵە دروشمی "مەرگ بۆ خامنەیی" و "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" دەڵێنەوە، بۆ بنەماڵەکانی خاوەران، پارکی لالە، قوربانیانی قەتڵە زنجیرەییەکان، گیانبەختکردووانی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی دەیەی ڕابردوو، بۆ بنەماڵەی لەسێدارەدراوان و ملیۆنان خێزانێک کە ژیانیان بەهۆی سیاسەتە کۆنەپەرستانە و وێرانکەرەکانی ڕێبەری حکوومەتی ئیسلامییەوە تێکچووە، هەواڵێکی دڵخۆشکەر و شادیبەخش بوو. هەواڵێک کە هەستی ئارامی، ڕەزامەندی و شادی خستە سەر لێوەکانی دایکان و باوکان و هەموو ئەو خەڵکەی کە غەم و ڕەنجی زۆریان لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە بەسەردا سەپاوە

مەرگی خامنەیی، وەک ڕێبەری باڵای حکوومەتێکی ستەمکار، یارمەتی بە ڕەوتی هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامی دەدات. ڕێبەری حکوومەتێک کە ڕێگەی بە دەربڕینی هیچ دەنگێکی نارازی نەدا و تەنانەت نزیکترین یار و هاوڕێیانی نیزامەکەشی پەراوێز خست و پاکتاوکردنی خوێناوی ڕێکخست. بێگومان ڕژیمە لەپاش بەجێماوەکەی ناتوانێت بەهۆی کوژرانی ئەو و سەرەکیترین فەرماندە سەربازی و ئەمنییەکانی - کە لە دوو قۆناغی زۆر نزیکدا، واتە لە شەڕی ١٢ ڕۆژە و پاشان شەڕی ئێستادا کرانە ئامانج - بە شێوەی ڕابردوو درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. لەم ڕووەوە گۆڕانکاریی گەورە لەئارادایە.

کارنامەی حکوومەتی ئیسلامی لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت کارنامەی سەرتاپا نگریسی خامنەیی لە ٣٧ ساڵ ڕێبەرایەتیی ڕەهای ئەو بەسەر ئێراندا، لێوانلێو لە کوشتاری وەحشیانەی نەیارانی ڕژیم، سەرکوتی خوێناوی، سانسۆر، پاکتاوکردن، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان و کوشتنە زنجیرەییەکانە. کارنامەیەکی ڕەش و پڕ لە بێمافیی خەڵک، سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، ڕێکخستنی ئاپارتایدی ڕەگەزی و جێندەری، بەتاڵانبردنی سەرچاوەکانی وڵات لەلایەن خۆی و بنەماڵە و مافیا سیاسی و ئەمنییەکەی، دابەزینی بێوێنەی ئاستی ژیانی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک، وێرانکردنی ئابووری، تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتی و ژینگەییەکان کە بە ئامانجی پەرەپێدانی "هیلالی شیعی" و دوژمنکارییە ناوچەییەکان ئەنجام دراوە

بێگومان کوژرانی خامنەیی، ئەو دەرفەتەی لە بزووتنەوەی دادخوازی سەندەوە کە دەیتوانی یارمەتیدەر بێت تا لە دادگایەکی ئاشکرا، دیموکراتیک و جەماوەریدا، ئەم ڕێبەرە تاوانبارەی حکوومەتی ئیسلامی دادگایی بکرێت، بەڵام بە نۆرەی خۆی زەبرێکی کاریگەر و کوشندەی لە پەیکەری لەرزۆکی ئەم ڕژیمە کۆنەپەرستە دا. بێگومان بە کوژرانی ئەو، کۆماری ئیسلامی نارووخێت و ئامێری کوشتارەکەی لەکار ناکەوێت. ئیرتیجاعی دەسەڵاتدار لە ئێران پشتئەستوورە بە حیزبێکی پادگانیی وەک "سپای پاسداران" کە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە

سپای پاسداران کە لەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی هەرەمی و یاسا توندە سەربازییەکان دامەزراوە، هەوڵ دەدات قەیرانەکانی ناوخۆی ڕژیم بەڕێوە ببات و بۆ ئەو مۆرانەی لەدەستی داون، جێگرەوە دیاری بکات

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لە دۆخی ئێستادا کە شەڕێکی کۆنەپەرستانە لەنێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیدا هەڵگیرساوە و هێرشە مووشەکییەکانی ڕژیمی ئیسلامی دژی ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکا لە بەحرەین، قەتەر، ئەبوزەبی، کوەیت، ئوردن، عومان و عەرەبستانی سعوودی دەستی پێکردووە؛ وێڕای ئەو هەواڵە نیگەرانکەرانەی کە لە بەندیخانەکانی سەرتاسەری وڵاتەوە، بەتایبەت لە "ئێڤین" و "فەشافوویە" دەبیسترێت و زیندانیانی سیاسی لە خۆراک و ئاو و دەرمان و چارەسەر بێبەش کراون، ئەو مەترسییە لەئارادایە کە کاربەدەستانی ئیسلامی لەوپەڕی زەلیلی و ترس لە ڕووخاندا، دەست بدەنە کوشتاری زیندانیانی سیاسی

لەم ڕووەوە، لەم هەلومەرجە هەستیارەدا دەبێ دژی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێستا و دژی شەڕخوازان بوەستینەوە. بە مووشەک و بۆردومان، ڕزگاری و ئازادیی خەڵک دەستەبەر نابێت. دەبێ دژی ڕژیمی سەرمایەداریی ئیسلامی و بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە ستەمکارە بە دەستی جەماوەری ئێران خەبات بکەین

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە سەرجەم خەڵکی ئێران، کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان و پیاوان، و لە هەموو دامەزراوە و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز و مرۆڤدۆستەکان داوا دەکات کە وشیاریی خۆیان بپارێزن و دەست لەناو دەستی یەکتر بۆ ئازادیی دەستبەجێ و بێمەرجی زیندانیانی سیاسی خەبات بکەین. بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی گیانبەختکردووان بەتەنیا مەهێڵنەوە؛ با بە پێکهێنانی شۆراکان، کۆمیتەکان، دامەزراوە و ئەنجومەنە سەربەخۆ و جەماوەرییەکان، بۆ یارمەتی و کۆمەک و هاوکاری و هاوپشتیی خەڵکی ئێران هەنگاو بنێین. وەک چۆن ئەزموونەکان دەریانخستووە، ئەگەر شەڕ درێژە بکێشێت، ئەگەری پچڕانی ئاو و کارەبا و نەمانی خۆراک و دەرمان، داخستنی مەدرەسە و ناوەندە فێرکاری و خزمەتگوزارییەکان و هتد... لە ئارادایە

بە پێکهێنانی شۆرا و ئەنجومەن و دامەزراوە سەربەخۆکان، بە هانای یەکترەوە بچین، دەستی یەکتر بگرین و هەوڵ بۆ بەهێزکردنی هاوپشتییە گەورە و مرۆییەکان بدەین. با ئەم ڕۆژانەی شادیی مەرگی دیکتاتۆر، دەستپێکێک بۆ کۆتایی دیکتاتۆری و ئیستیبداد و حکوومەتی مەزهەبی و سەرمایەداری بێت و دەروازەی ئازادی و یەکسانی و مرۆڤایەتی بە ڕووی جەماوەری ئێراندا بکاتەوە

**بڕووخێت ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**ڕاگرتنی دەستبەجێ و بێمەرجی شەڕی کۆنەپەرستانە**

**بژی ئازادی - بژی سۆسیالیزم**

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ – ٢ی مارسی ٢٠٢٦

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان:**

**ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت**

❋❋❋

# بزووتنەوەی خوێندکاری سەلماندی؛
# بەرەی سەرەکیی نەبەرد دژی فاشیزمی کۆماری ئیسلامی و نیۆفاشیستە سەلتەنەتخوازەکان لە ناوخۆی ئێرانە




لەگەڵ کرانەوەی دەرگای زانکۆکان لە ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەشەمە، خوێندکارانی خەباتکار و تێکۆشەر لە زۆربەی زانکۆکانی ئێران، بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی، یادی هەزاران گیانبەختکردووی کوشتار و کۆمەڵکوژیی جەماوەریان لەلایەن ڕژێمی جنایتکاری کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار بەرز ڕاگرت. خوێندکاران لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنەوەی زانکۆکاندا کە هاوکات بوو لەگەڵ چلەی ئەو کۆمەڵکوژییە، حکوومەتی ئیسلامییان بە تاوانی ئەنجامدانی ئەو جنایەتە سامناکە مەحکووم کرد. کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی خوێندکاران بەو بۆنەیەوە ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕەشەمە بۆ سێیەمین ڕۆژی بەردەوام درێژەی کێشا و خوێندکارانی خەباتکار بە دانی دروشمگەلێک دژی دەسەڵاتی ئیسلامی و شەخسی عەلی خامنەیی وەک فەرماندەر و هۆکاری ئەو کوشتارە بەکۆمەڵە، نەفرەت و بێزاری قووڵی خۆیان لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و جارێکی دیکە ئەو جنایەتە بێوێنەیەیان ئیدانە کردەوە

بەپێی هەواڵەکان، ڕۆژی دووشەممە و لە سێیەمین ڕۆژی بەردەوامی نارەزایەتییەکاندا، خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمیرکەبیر (پلیتەکنیک)، زانست و پیشە (علم و صنعت)، زانکۆی تاران، بەهەشتی، زانکۆی سەنعەتی شەریف، زانکۆی هونەری تاران، تەربیەت مودەریس، سەجاد و زانستە پزیشکییەکانی فیردەوسی مەشهەد و خاجە نەسیر، کۆبوونەوەی نارەزایەتی خۆیان بەو بۆنەیەوە ڕێکخست. خوێندکاران بە وتنەوەی دروشمی دژە حکوومەتی لەوانە: "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ئەم هەمووە ساڵە جنایەت - مەرگ بۆ ئەم ویلایەتە"، "کوژراومان نەداوە کە سازش بکەین - ستایشی ڕەهبەری بکوژ بکەین"، "ئازادی، ئازادی، ئازادی"، "تۆپ، تانک، فیشەک، چیتر ئەسەری نییە"، "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە سەلتەنەت نە ڕەهبەری، دێموکراسی و بەرابەری"، "مەرگ بۆ ستەمگەر، چ شا بێت چ ڕەهبەر" و "سوێند بە خوێنی هاوڕێیان - ڕاوەستاوین تا کۆتایی"، نارەزایەتییان بەرانبەر بە کوشتار و قەڵاچۆی جەماوەر لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە دەربڕی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە میدیاکانی سەر بە ڕژێم بەوپەڕی بێشەرمییەوە هەوڵیان دەدا نارەزایەتیی خوێندکاران وەک "بەڕێخستنی دەستەی ماتەمینی بە دروشمی دژە ئەمریکایی" وێنا بکەن و وا نیشانی بدەن کە گوایە تەنیا ژمارەیەک خوێندکار دروشمی "ساختارشکێنانە"یان داوە و هێرشیان کردووەتە سەر "عەزاداران"

بەڵام لە ڕاستیدا کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی خوێندکاران لەوانە لە زانکۆکانی تاران، زانست و پیشە، بەهەشتی، سەنعەتی شەریف، خاجە نەسیر، ئەمیرکەبیر و فیردەوسی، ڕووبەڕووی پەلاماری وەحشیانەی هێزە سەرکوتگەرەکانی "یەکەی تایبەت"، حەراسەتی زانکۆ و بەکرێگیراوانی "بەسیجی خوێندکاری"ی ڕژێم بوونەوە کە بە باتۆم و گازی فرمێسکڕێژ و سپڕێی بیبەر و بە هاواری "حەیدەر حەیدەر" هێرشیان کردە سەریان. خوێندکارانی خەباتکار لە بەرانبەر هێرشی بەکرێگیراواندا بەرگرییان کرد و تێکهەڵچوون. لە ئاکامدا ژمارەیەک لە خوێندکاران بریندار بوون. هاوکات لەگەڵ پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێم، ژمارەیەک لە دەستوپەیوەندەکانی ڕەوتی سەلتەنەتخواز بە دروشمی کۆنەپەرستانە دژی چەپەکان، هەوڵیان دا ڕیزەکانی خەبات و بەرخۆدانی خوێندکاران لە بەرانبەر هێزە سەرکوتگەرەکاندا تێک بدەن، کە بە هاواری "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "مەرگ بۆ ئەم ویلایەتە" و دروشمگەلێک دژی سەلتەنەتخوازان، بە شێوەیەکی هوشیارانە پووچەڵ کرانەوە. هەروەها خوێندکاران لە چەندین زانکۆ بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، دژی دەستبەسەرداگرتنی خەبات و بەرخۆدانەکەیان لەلایەن سەلتەنەتخوازان، ڕەوتی ئیرتیجاعی پەهلەوی و میدیا بەکرێگیراوەکانیان، نارەزایەتییان دەربڕی

لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ مەحکوومکردنی کۆمەڵکوژییەکەی مانگی بەفرانبار لە گۆڕەپاندایە و خوازیاری ئازادیی خوێندکارانی بەندکراو و زیندانیانی سیاسییە، سیناریۆسازی حکوومەتی ئیسلامی سەبارەت بە قەڵاچۆی هەزاران کەس لە جەماوەری نارازی بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، هێندەی خودی ئەو کوشتارە جنایەتکارانەیە. لەم گێڕانەوە ساختە و سەرتاپا درۆیەدا، خامنەیی و بەرپرسان و کاربەدەستانی دیکەی ڕژێم هەوڵیان دا جێگەی بکوژ و کوژراو بگۆڕنەوە. عەلی خامنەیی لە یەکەم وتاریدا پاش کوشتاری خەڵکی نارازی، بەوپەڕی بێشەرمییەوە خەڵکی نارازی لە دۆخی ژیانی پڕ لە نەهامەتی، بە "ئاژاوەگێڕ"، "نەزان" و "بەکرێگیراوی دوژمن و دەست و پەیوەندی بیانی" ناو برد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خامنەیی لە درێژەی ئەم قسە پووچ و بێمانایانەدا، دانی بە کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵک بە دەستی هێزە بەکرێگیراو و سەرکوتگەرەکانی ڕژێمدا نا و وتی: "لە خەبات دژی ئەم فیتنە ئەمریکایی و زایۆنیستییە، بەرپرسانی ئینتزامی و ئەمنیەتی بەڕاستی گیانفیداییان کرد تا توانییان فیتنەکە بە تەواوی لەناوبەرن و کارەکە یەکلایی بکەنەوە"

لەو پەیوەندییەدا ڕۆژنامەی "دەنگی ئێران" (صدای ایران)، سەر بە نووسینگەی عەلی خامنەیی، لە گێڕانەوەیەکی ساختە و بێشەرمانەدا، کوشتاری جەماوەری نارازی خستە ئەستۆی تیرۆریستەکان و دەوڵەتانی بیانی و نووسیویەتی هێزە ئینتزامییەکان هیچ تێهەڵچوونێکیان لەگەڵ نارازییان نەبووە و ٧٥٪ی کوژراوەکان لە هێزەکانی پارێزەری ئەمنییەت بوون و داوای تۆڵەسەندنەوەشی کرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی، کوشتاری هەزاران کەس لە جەماوەری نارازی بە چەک و کەرەستەی جەنگی ڕژێمی ئیسلامی، بە "تاوان دژی مرۆڤایەتی" لە قەڵەم داوە و لە هەوڵی بەدواداچوون بۆ ئەم دۆسیەیە لە ڕێگەی ناوەندە دادوەرییە نێونەتەوەییەکانەوەن. هەر بەم هۆیەشەوە ٢٨ دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا سپای پاسدارانیان خستە لیستی تیرۆری خۆیانەوە

بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران وەک یەکێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕەسەن و پێشڕەوەکان، مێژوویەکی پڕشنگداری لە خەبات دژی ڕژێمە سەرمایەدارییە پاشایەتییەکان و حکوومەتی ئیسلامیدا هەیە. ئەم بزووتنەوەیە هەمیشە دژی سیاسەتەکانی دژەکریکاری، هەڵاواردنی ڕەگەزی، کاڵاییکردنەوەی خوێندن، بە سەربازگە و بە ئیسلامیکردنی ژینگەی خوێندن بووە. لەم قۆناغە هەستیارەشدا بزووتنەوەی خوێندکاری جارێکی دیکە ڕۆڵ و ڕیسالەتی پێشڕەوی خۆی سەلماندەوە. بەشی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری نیشانی دا کە ملکەچی سەرکوتی توند و کەشی بەتەواوی ئەمنیەتی زانکۆکان نەبووە و بە پشتبەستن بە ڕێبەری و ئاسۆی ڕوونی سیاسی، داخوازییەکانی خۆی هێناوەتە گۆڕێ و لە هەمان کاتدا بە بەرگریکردن لە داخوازیی دێموکراتیک و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان، ڕۆڵی خۆی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی گێڕاوە

❋❋❋

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

## شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## داکۆکیکاری لێبڕاوی دەسەڵاتی شورایی خەڵکی کوردستان و کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە بەرانبەر پڕۆژەی حیزب و هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بۆ دەسەڵاتداری لە قۆناغی گوزار و ئەو سیستەمە پەرلەمانییەی کە ئەم حیزب و هێزانە بانگەشەی بۆ دەکەن، سیستەمی شورایی بە باشترین و لەبەردەسترین ئامراز دەزانێت بۆ دەخاڵەتی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا وەک یاسادانەر و جێبەجێکەری یاسا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا. شورای هاوکاری لەو بڕوایەدایە لە هەلومەرجێکدا کە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و بەرفراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پەیوەندییەکانی پەرەپێداوە و دەرفەتی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە هەموو بوارێکدا بۆ هەمووان فەراهەم کردووە، سیستەمی شورایی پرسی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگادا، زیاتر لە جاران ئاسان کردووە و کردوویەتی بە ئیمکانێکی عەمەلی

بەڕێوەبردنی شورایی کۆمەڵگا دەتوانێت پێش بە دامەزراندنی سیستەمێکی بیرۆکراتیک بگرێت کە جارێکی دیکە لە سەرووی خەڵکەوە بوەستێت و خەڵک بکاتەوە بە تەماشاچییەکی بێدەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت. ئەو خەڵکەی لە سیستەمی شوراییدا خۆیان ڕێکدەخەن، خۆیشیان هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکەری یاسا دەبن. لەم سیستەمە حکوومەتییەدا سەرجەم بەرپرسانی ئیداری، سیاسی و دادوەری لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێک زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، لە هەر ساتێکدا دەتوانن متمانەیان لێ وەربگرنەوە و لایان ببەن

دەسەڵاتی شورایی خاوەنی پێکهاتەیەکی هەرەمییە، کە لە شورای گەڕەکەکان، شورای شارەکان، شورای ناوچەکان و کۆنگرەی سەرتاسەریی شوراکان وەک باڵاترین ئۆرگانی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان پێک دێت. کۆنگرەی سەرتاسەریی شوراکان هەم یاسادانەرە و هەم باڵاترین دامەزراوە دەوڵەتییەکان بۆ کاروباری جێبەجێکردن ڕێکدەخات و چاوەدێریی کارەکانیان دەکات

لە دەسەڵاتی شوراییدا سیستەمی دادوەری بە تەواوەتی لە سیستەمی جێبەجێکردن سەربەخۆ دەبێت. دادوەران و سەرجەم بەرپرسانی دەزگای داد لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێک زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەتوانن لایان ببەن. سەرجەم دادگا تایبەتییەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە و هەموو دادگاییکردنەکان بە ئاشکرا و بە ئامادەبوونی دەستەی دادپەروەران بەڕێوە دەچن

لە حکوومەتی شورایی خەڵکی کوردستاندا، حیزبە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی شوراکان لە ئاستە جیاوازەکاندا دەتوانن لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردن و ئیدارەی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بن

لەژێر دەسەڵاتی شورایی خەڵک لە کوردستاندا، ئەرتەش، سپای پاسداران و سەرجەم دامودەزگا هەواڵگری، ئەمنییەتی و سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێنرێنەوە و ڕێکخراوێکی چەکداریی جەماوەری لەژێر فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەریی شوراکاندا پێک دەهێنرێت. ئەم ڕێکخراوە چەکدارە جەماوەرییە لە کوردستان لەژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرتاسەریی شوراکان، ئەرکی بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر پەلاماری دەوڵەتی ناوەندی یان هەر هێزێکی دیکەی لە ئەستۆ دەبێت. ئەم هێزە مافی هیچ چەشنە دەخاڵەتێکی لە کاروباری ناوخۆیی کوردستاندا نابێت

نەزم و ئاسایشی ناوخۆیی کوردستان لەلایەن هێزێکەوە دابین دەکرێت کە لەلایەن باڵاترین دامەزراوەی دەوڵەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سەرتاسەریی شوراکانەوە ڕێکدەخرێت و کۆنگرە چاوەدێریی بەسەر کارکردنییەوە دەبێت

دەسەڵاتی شورایی خەڵک لە کوردستان کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان دەهێنێت

- بە سەرنجدان بەوەی کە ستەمی نەتەوەیی چ لە سەردەمی ڕژێمە پاشایەتییەکان و چ لە سەردەمی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا بە دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوت دژی خەڵکی کوردستان پیادە کراوە، بۆیە لە کوردستانی ئازادکراودا هەموو یاسا و دامەزراوەکان کە هێما یان پارێزەری ستەمی نەتەوەیین هەڵدەوەشێنرێنەوە و بنبڕ دەکرێن و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە مانای ئازادیی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە ڕەسمی دەناسرێت. حکوومەتی شورایی وێڕای پێداگری لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسیی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران، هەموو مەرج و پێداویستییەکانی ڕیفراندۆمێکی ئازاد و دیموکراتیک بۆ کەڵکوەرگرتنی وشیارانەی خەڵکی کوردستان لەم مافە دابین و مسۆگەر دەکات

- ئەگەر هاتوو بە دابینکردنی کردەیی و ڕاستەقینەی مەرج و پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیاریان دا کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بمێننەوە، لەو حاڵەتەدا مافی یەکسانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئیداریی کۆمەڵگا دابین و زەمانەت دەکرێت

- لە حکوومەتی شورایی کوردستاندا سەرجەم دانیشتووانی ئەم ناوچانە بەدەر لە نەتەوە، ڕەگەز و ئایین، لە هەموو ئاستەکاندا، لە سیستەمی سیاسی و یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی کوردستاندا بەشدارییان دەبێت و بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک لە مافی یەکسان لەگەڵ هەموو دانیشتووانی کوردستان بەهرەمەند دەبن

- ئێمە هەروەها ڕادەگەیەنین کە گەڵاڵەی فیدراڵیزم بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، نەک تەنیا یارمەتی بە نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان ناکات، بەڵکو دەیکات بە دامەزراوەیی و پەرە بە دووبەرەکی و پارچەپارچەبوون دەدات

- دەسەڵاتی شورایی خەڵک لە کوردستان هەر چەشنە بەندوبەستێکی دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ هێزە خۆجێییەکان سەبارەت بە دیاریکردنی ئارایش و نەخشەی سیاسیی کوردستان بە نایاسایی و بێشەرعییەت دەزانێت. یەکلاکردنەوەی هەر گەڵاڵەیەک سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان و شێوەکانی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دەنگی گشتیی خەڵکی کوردستانەوە دەبێت

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو خواستەکان، ماف و ئازادییەکانی خەڵک -کە نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی تەنیا یەکێکە لەوان- ببنە بنەمایەک بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی دەسەڵاتی شورایی خەڵک لە کوردستان

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازیی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی خەڵکی کوردستان لە یەکێتی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە سەرتاسەری ئێران، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتی شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان تێدەکۆشێت کە تێیدا سەرجەم سەروەت و سامانە سروشتییەکان لە خزمەت خۆشگوزەرانیی گشتیدا بن. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان مەرجی پێشڕەوی و زەمانەتی سەرکەوتنی خۆی لە یەکێتی و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری ئێراندا دەبینێتەوە

❊❊❊

# مانگرتنی مەدرەسەکان: زەنگێک بۆ خۆڕێکخستنی چینایەتی و ڕێبەریی سەرتاسەری

مانگرتنی ۲۹ی ڕێبەندان لە مەدرەسەکان، کە بەدوای بانگەوازی "شووراى هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان" و بەشێک لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان هاتە ئاراوە، دەبێت لەسەر بەستێنی خەباتی کۆمەڵایەتیی ساڵانی ڕابردوو و لە چوارچێوەی قووڵبوونەوەی ناکۆکییە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگای ئێراندا شیبکرێتەوە. کاتێک مەدرەسەکان لە شارە جۆراوجۆرەکان کلاسەکانی دەرس و خوێندنیان تێدا بەڕێوە نەچوو، ئەمە تەنیا نیشانەی خەم و ماتەمین نەبوو؛ بەڵکوو دەربڕینێکی سیاسیی هوشیارانە بوو لە ناڕەزایەتییەکی کەڵەکەبوو و ناڕەزایەتی بەرانبەر بە دۆخی مەوجوود. ئەم ساتانە دەبێت وەک برگەیەک لە ڕەوتێکی مێژوویی بەرینتر ببینرێت؛ ڕەوتێک کە تێیدا چین و توێژە چەوساوەکان، بەرەبەرە لە فۆرمە پەرتەوازەکانی ناڕەزایەتییەوە بەرەو یەکگرتوویی و خۆڕێکخستن هەنگاو دەنێن

کۆمەڵکوژییە سامناکەکەی بەفرانبار، بەتایبەت گیانبەختکردنی خوێندکاران و مامۆستایان، نەک هەر برینێکی قووڵی لەسەر جەستەی کۆمەڵگە بەجێ هێشت، بەڵکوو درزی نێوان حاکمییەت و بنکە کۆمەڵایەتییەکەی ئاشکراترو قووڵتر کردەوە. لە هەلومەرجێکی وەهادا، مانگرتن لە مەدرەسەکاندا مانایەکی بانتر لە داخرانی پۆلەکانی هەبوو. ئەم هەنگاوە، جۆرێک بوو لە هێنانەدەری پەروەردە لەژێر چنگی ئایدۆلۆژیکی ڕژێم؛ بوارێک کە ساڵانێکە بووەتە ئامرازێک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی موناسباتی دەسەڵات. کاتێک خوێندکاران و مامۆستایان، سەرباری گوشارە ئەمنییەکان، ئامادە نەبوون بچنە مەدرەسەکان، لە ڕاستیدا بەرەنگاری ئەو نەزمە سەپێنراوە بوونەوە و نیشانیان دا کە "سوژە کۆمەڵایەتییەکان" توانای ئەوەیان هەیە لە بارودۆخی ڕۆژمەڕەشدا، کردەوەی سیاسی بخوڵقێنن

پەروەردە بەشێکە لە میکانیزمەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات. بەڵام، هەر ئەم گۆڕەپانە دەتوانێت ببێتە مەیدانی بەرخۆدان؛ ئەوکاتەی کە ناکۆکیی نێوان حەقیقەت و ڕەوایەتی فەرمی ئەوەندە بەرچاو دەبێت کە ئیتر توانای شاردنەوەی نامێنێت. مانگرتنی ۲۹ی ڕێبەندان دەبێت لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێت؛ ساتێک کە مامۆستایان، وەک بەشێک لە چینی کرێکاری بەرین و مووچەبگرانی فکری، ڕۆڵی مێژوویی خۆیان ناسییەوە و لە پێگەی دامەزراوەیی خۆیان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەکۆمەڵ کەڵکیان وەرگرت

داخستنی مەدرەسەکان لە ڕۆژی ۲۹ی ڕێبەندان لە ناڕەزایەتی بە تاوانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و وەک هاوپشتییەک لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووان، جووڵەیەکی پیشەیی (سینفی) نەبوو، بەڵکوو مانگرتن و ناڕەزایەتییەکی سیاسی بوو دژ بە خودی ساختاری دەسەڵات. بەڵام ئەزموونی دەیەکانی ڕابردوو دەریخستووە کە "پەرشوبڵاوی لە خەبات"، یەکێک لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بووە. مامۆستایان بە جیا، ژنان لە شەقام، کرێکاران لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، پەرستاران لە نەخۆشخانەکان، خانەنشینان لە کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان، خوێندکاران لە زانکۆکان و بنەماڵە دادخوازەکان لەسەر گڵکۆی ئازیزانیان، هەر یەکە و خەباتیان کردووە، بەڵام پەیوەندییەکی ئۆرگانیک و بەردەوام لە نێوان ئەم هێزانەدا بە دەگمەن دروست بووە. هەر ئەم دابڕان و پچڕانە ڕێگەی داوە کە دەسەڵات بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە ئەمنییەکان، ئیمتیاز پێدانی سنووردار یان بە فەرسایشیکردنی ناڕەزایەتییەکان، هەر بەشێک بە جیا کۆنترۆڵ و سەرکوت بکات

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگا نیشانەکانی "ئیمکانی تێپەڕین" لەم پەرشوبڵاوییەی تێدایە. قەیرانی ئابووریی قووڵ، دابەزینی بەردەوامی توانای کڕین، بەتایبەتیکردنی بەرفراوان (خسووسیسازی)، بەکاڵاکردنی پەروەردە و دەرمان، و سنووردارکردنەوەی بەردەوامی داواکارییە مەدەنییەکان، توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای خستووەتە بەردەم ئەزموونێکی هاوبەش لە نائەمنی و ناسەقامگیری. ئەم ئەزموونە هاوبەشە، زەمینەی عەینی بۆ پێکهاتنی خواستێکی هاوبەش و "هاوپشتیی چینایەتی" فەراهەم دەکات. یەکگرتوویی چینایەتی نە لەسەر بنەمای هاودڵی، بەڵکوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە مادییە هاوبەشەکان و تێگەیشتنی ئاگایانە لە ساختارەکانی چەوساندنەوە و دەسەڵات شکل دەگرێت. کاتێک مامۆستا، کرێکار، ژن، پەرستار و خوێندکار تێدەگەن کە ڕیشەی کێشەکانیان لە سازوکارێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی یەکگرتوودا شاراوەتەوە، ئیمکانی تێپەڕین لە هاوەردییەوە بۆ یەکگرتن و ڕێکخراوبوون فەراهەم دەبێت

لەم چوارچێوەیەدا، پێویستیی گرێدرانی هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە و پێکهێنانی "ڕێبەرییەکی سەرانسەری" وەک شووراى هاوئاهەنگی، گرنگییەکی چارەنووسساز پەیدا دەکات. دامەزراوەیەکی لەم چەشنە دەتوانێت وەک ناوەندی هاوئاهەنگی، ئاڵوگۆڕی ئەزموون و بەرنامەڕێژی کار بکات. مەبەست لەم ڕێکخراوبوونە، دروستکردنی ساختارێکی بیرۆکراتیک و لە سەرەوە نییە؛ بەڵکوو پێکهێنانی تۆڕێکە لە هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ کانوونەکانی خەباتدا هەیە

ئەرکی سەرەکیی وەها دامەزراوەیەکی سەرانسەری، گۆڕینی داواکارییە پەرشوبڵاوەکانە بۆ بەرنامەیەکی هاوبەش و ڕادیکاڵ. دەسەڵات بە پشتبەستن بە ئامرازە ئەمنییەکان، میدیایی و ئابوورییەکان هەوڵ دەدات هەر جووڵەیەکی ناڕەزایەتی سنووردار یان بێکاریگەر بکات. لە بەرانبەر وەها سازوکارێکدا، تەنیا هێزێک کە دەتوانێت هاوکێشەکە بگۆڕێت، "هێزی ڕێکخراوی جەماوەری"یە. مانگرتنی سەرانسەری، وەک یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی خەباتی چینایەتی، کاتێک دەکرێت کە تۆڕێکی هەماهەنگ و جێی متمانە لە نێوان بەشە جیاوازەکاندا دروست بووبێت. ئەزموونی ۲۹ی ڕێبەندان نیشانی دا کە تەنانەت لە ژێر گوشاریشدا، ئیمکانی داخستنی عەمەلیی مەدرەسەکان لە ناوچە جیاجیاکاندا هەیە. ئەگەر ئەم پوتانسیەلە بۆ بەشە بەرهەمهێنەر و خزمەتگوزارییەکانی تریش بگوازرێتەوە، توانای کاریگەریی بزووتنەوەکان چەند هێندە دەبێت. «ڕزگاریی چینی کرێکار تەنیا بە دەستی خودی چینی کرێکار مسۆگەر دەبێت.»؛ بەو مانایەی کە هیچ هێزێک لە دەرەوە ناتوانێت ڕزگاری بە کۆمەڵگا ببەخشێت. ئەم ڕزگارییە تەنیا لە ڕێگای ڕێکخراوبوونی ئاگایانە و بەشداریی ڕاستەوخۆی جەماوەر لە بڕیارداندا بەدەست دێت

هاوکات لەگەڵ شیکردنەوەی مادی و ساختاریدا، نابێت لە ڕەهەندی ئینسانیی ئەم خەباتە غافڵ بین. هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵە دادخوازەکان، بەرزڕاگرتنی یادی گیانبەختکردووان و خۆڕاگری دژ بە فەرامۆشی، بەشێکە لە خەبات بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ. نەزمی زاڵ هەوڵ دەدات بە ئاساییکردنەوەی توندوتیژی و نایەکسانی، هەستیاریی کۆمەڵایەتی لاواز بکات. هەر جارێک کە کۆمەڵگا بە مانگرتن یان کاردانەوەیەکی بەکۆمەڵ لە بەرانبەر ئەم ئاساییبوونەوەیە دەوەستێتەوە، لە ڕاستیدا بەرگری لە بەها مرۆییەکان دەکات. گرێدانی ئەم ڕەهەندە بە شیکردنەوەی چینایەتییەوە، قووڵایی و بەردەوامی بە بزووتنەوەکان دەبەخشێت

مانگرتنی ۲۹ی ڕێبەندان دەبێت وەک هەنگاوێک لە خەبات بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئازادی سەیر بکرێت. ئەم ڕووداوە سەلماندی کە تەنانەت لە فەزای پڕ لە کۆسپ و ئاستەنگدا، ئیمکانی کاری بەکۆمەڵ هەیە و ئیرادەی بەرخودان هێشتا زیندووە. ئێستا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ئەم وزە کۆمەڵایەتییە دەتوانێت ببێتە ساختارێکی پایەدار و سەرانسەری یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە گرەوی داهێنان، هاوپشتی و ڕێکخستنی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکاندایە

پێکهاتنی ڕێبەرییەکی سەرانسەری لە ڕێگای پێکەوەگرێدانی دامەزراوەکان و هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە پەیوەندیی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ کانوونەکانی خەبات هەیە، زەروورەتێکی مێژووییە؛ زەروورەتێک کە لە دڵی ئەزموونە تاڵەکانی سەرکوت و هەروەها لە ئومێدە تازەکانی هاوپشتییەوە سەری هەڵداوە. ئەگەر ئەم ناوەندە ڕێبەرییە دروست بێت و بتوانێت لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە زیندووەی لەگەڵ کانوونەکانی خەبات هەیەتی، بەرنامەیەکی ڕادیکاڵ لە دەوری خواستە هاوبەشەکان دابڕێژێت، ئەوکات دەتوانێت خەباتە پەرشوبڵاوەکان بکاتە هێزێکی کاریگەر و بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەهێز

ساتی ئێستا، قۆناغێکی وەرچەرخانی مێژووییە. کۆمەڵگا لە حاڵی پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدایە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەم پرۆسەیەدا بگێڕن. ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر گرنگیی هەیە، تێپەڕینە لە ناڕەزایەتییە جیاوازەکانەوە بەرەو خۆڕێکخستنێکی سەرتاسەری و هۆشیارانە؛ تێپەڕینێک کە دەتوانێت ئاسۆی ڕزگاری لە هەر جۆرە دەسەڵات و چەوساندنەوەیەک، لە ئاسۆیەکی دوورەوە بکاتە ئیمکانێکی بەرجەستەتر و مێژوویی.

❊❊❊

# جەماوەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر سێبەری هەڕەشەی شەڕخوازانەی ترامپ و سیاسەتی شەڕەنگێزانەی خامنەییدا

لە کاتێکدا کە دووهەمین خولی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕێبەندان لە ئارادا بوو، عەلی خامنەیی لە حەشارگەکەی خۆیەوە، بە مەبەستی تێکدانی ڕەوتی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا، دەستی کرد بە هەڵیت و پەڵیت. ناوبراو بە وتاری هاندەرانە و بێبنەما، جەختی لەسەر بێئاکامبوون و بنبەستی دانوستانەکان کردەوە و دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە ئەمریکا. ئەو وتی: "سەرۆک کۆماری ئەمریکا بەردەوام دەڵێت سوپای ئێمە بەهێزترین سوپای جیهانە. بەهێزترین سوپای جیهان لەوانەیە زللەیەکی وای بەرکەوێت کە نەتوانێت لە جێی خۆی هەستێتەوە؛ بەردەوام دەڵێن ئێمە کەشتیی جەنگیمان ناردووە، دیارە کەشتیی جەنگی مەترسیدارە، بەڵام مەترسیدارتر لەو کەشتییە، ئەو چەکەیە کە دەتوانێت کەشتییەکە بنێرێتە قووڵایی دەریاوە" و هتد. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی ڕێبەندان، ترامپیش لە دانیشتنی شاندێک بەناو «ئاشتیی غەزە»، لە وەڵامێکی ناڕاستەوخۆدا بۆ قسەکانی خامنەیی، بە دووپاتکردنەوەی هەڕەشەکانی و دیاریکردنی وادەیەک وتی: "کۆماری ئیسلامی دەبێت لە ماوەی ١٠ ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ ئێمە بگاتە ڕێککەوتنێکی مانادار، ئەگەرنا ڕووداوی زۆر خراپی بەسەردا دێت"

لەم پەیوەندییەدا جەی دی ڤەنس، جێگری ترامپ، ڕۆژی سێشەممە دوای گفتوگۆکانی ژنێڤ ڕایگەیاند: "ڕژێمی ئێران هەموو ئەو هێڵە سوورانەی کە ترامپ بۆ چارەسەرێکی دیپلۆماتیک دیاری کردبوون، قبووڵی نەکردووە". ئەمە بەو مانایەیە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بەشێک لە داواکارییەکانی ترامپدا ڕەزامەندیی نیشان داوە. بەڵام نیگەرانی لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەی کە ترامپ وەسفی دەکات و خامنەیی وەڵامی دەداتەوە، تەنیا لە ئاستی شەڕێکی دەروونیدا نەماوەتەوە، بەڵکوو هەردوولا لەم ڕاستایەدا دەستیان داوەتە کۆمەڵێک کردەوەی عەمەلی. لە لایەکەوە ئەمریکا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووەتە جبەخانەی چەکی جەنگی؛ ناردنی گەورەترین کەشتیی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکا (واتە جێرالد فۆرد) و کەشتییە هاوڕێکانی و کەشتیی فڕۆکەهەڵگری (ئابراهام لینکۆڵن) بۆ ناوچەکە و نیشتنەوەی ٦٠ فڕۆکەی جەنگیی ڕادار-گوریزی ئێف-٣٥ی ئەمریکی لە بنکەیەکی ئاسمانی لە بەریتانیا، جێگیرکردنی سیستەمی بەرگریی مووشەکیی پاتریۆت و تاد لە ناوچەکە، داخستنی هەندێک لە بنکەکان و کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی خۆی لەوێ، وەک ئامادەکاریی کردەیی ئەمریکا بۆ زەمینەخۆشکردنی جەنگ هەژمار دەکرێن. چونکە کەڵەکەبوونی ئەم قەبارە گەورەیە لە تەقەمەنی و چەک بەو تێچووە زەبەلاحەوە، ناکرێت تەنیا بۆ مانۆڕ و نمایشی هێز بێت. تۆڕی هەواڵی "سیبیئێس"ی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ڕێبەندان بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک ئاشکرای کرد کە بەرپرسانی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، لە دانیشتنێکدا بە ترامپیان ڕاگەیاندووە کە سوپای ئەمریکا ئامادەی دەستپێکردنی هێرشی سەربازییە دژی کۆماری ئیسلامی

لە لایەکی ترەوە، لە دۆخێکدا کە گفتوگۆکانی دوو دانیشتنی ڕابردووی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، کۆماری ئیسلامی لە هەمان کاتدا کە تۆقیوە لە هێرشی سەربازیی ئەمریکا، لە بیری کڕینی کاتی زیاتردایە. لەم بوارەدا ئاسۆشیێتدپرێس لە زاری یەکێک لە بەرپرسانی ئەمریکاوە ڕایگەیاندووە: "شاندی دانوستانکاری ئێران ڕایانگەیاندووە کە لە دوو هەفتەی داهاتوودا پێشنیاری وردتر دەخەنە ڕوو". ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژنامەی وۆڵستریت جۆرناڵ لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی کە سەرانی ڕژێمی ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی



بە دوای بەدەستهێنانی ڕێککەوتنی ئەتۆمین لەگەڵ ئەمریکا، هاوکات هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە درێژخایەنەدا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا لە ئەگەری شکستهێنانی دانوستانەکان ئامادە بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، میدیاکانی ڕژێمی ئیسلامی ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی ڕێبەندان هەواڵی بەڕێوەچوونی مانۆڕی سەربازیی هاوبەشی ساڵانە لەگەڵ ڕووسیا لە گەرووی هورمز و مەشقەکانی بە "تەقەی ڕاستەقینە" بڵاو کردەوە و بە ئاب و تابەوە تەبلیغیان دەکرد کە ئامادەی شەڕن.

هەڵبەت ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ناوچەکەش هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە دەستیان داوەتە جموجۆڵ بۆ پێشگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕ. دەوڵەتانی کەنداو، میسر، عێراق، ئوردن و سووریا نیگەرانی تەشەنەسەندنی ئاگری شەڕن بۆ ناو وڵاتەکەیان. چونکە کۆماری ئیسلامی کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاگری شەڕی ئەمریکای نییە، بە هەڕەشەی هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئەو دەوڵەتانە، هەوڵ دەدات ناچاریان بکات گوشار بخەنە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی پێش بە هێرشی سەربازی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بگرن. بەڵام لە لایەکی ترەوە، سەفەری پێشوەختەی نەتانیاهوو بۆ ئەمریکا و دیدار لەگەڵ ترامپ لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان، بە ئامانجی هاندانی ناوبراو و دروستکردنی هەماهەنگی لە شەڕی ئیحتمالیدا ئەنجام درا

بێگومان هەڵگیرسانی شەڕ و بەردەوامی و فراوانبوونی گەمارۆکان دژی کۆماری ئیسلامی، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش تووشی کارەساتی زیاتر دەکات. کۆماری ئیسلامی کە مانگرتن و ناڕەزایەتیی بەردەوامی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بەرۆکیان گرتووە و لە باری ئابووریشەوە ڕووبەڕووی قەیرانی قووڵ و هەمەلایەنە بووەتەوە، توانای وەڵامدانەوەی بە داخوازی و داواکارییەکانی ئەوان نییە. درێژەکێشانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی سەرانسەری سەرەڕای کوشتار و کۆمەڵکوژیی دڕندانەی مانگی ڕابردوو، نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی ناڕازی لە سەرکوت و جینایەتی ڕژێمی ئیسلامی نەترساون و مەرعوب نەبوون. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران، مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، خانەنشینان و لاوانی وەزاڵەهاتوو لە هەژاری و بێکاری و هەڵاواردن و نایەکسانی، لە ماوەیەکی کورتدا، بە خستنەڕووی داخوازییەکانیان دووبارە هاتوونەتەوە مەیدان و بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان خوازیاری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامین

لە دۆخێکی وادا، ڕەنگە سەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هێرشی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل و شەڕێکی کورتخایەن وەک نیعمەت و دەسکەوتێک بۆ خۆیان ببینن، بەڵام هیچ زەمانەتێک نییە کە ئەگەر شەڕێک ڕوو بدات، نەبێتە شەڕێکی فەرسایشی و درێژخایەن

ئەگەر میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڕەشەکانی ئەمریکا و درێژەی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان دەخاتە پەراوێزەوە. شەڕ هەرچەندەش کە «زیرەکانە» و ئامانجەکانی لە پێشەوە دیاری کرابێت و بە زاراوەی ئەوان «مرۆڤدۆستانە» بێت، وەک هەر جەنگێکی دیکەی کۆنەپەرستانە، کوشتار، وێرانی و ئاوارەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەژێر کاریگەریی ئەم واقیع و دۆخە جەنگییەدا، پاراستنی ئەمنییەت و درێژەدان بە ژیان، دەبێتە ئەولەویەتی یەکەمی خەڵک و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان پەراوێز دەخرێن. بەدوای ئەوەشدا ئەولەویەتی کار و چالاکیی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارە وێرانکەرەکانی جەنگ لەسەر کار و ژیانی خەڵک، دێتە سەرووی لیستی ئەولەویەتەکانیانەوە. ئاشکرایە لە دۆخێکی وەهادا، سۆسیالیستەکان لە وێڕای ئەوەیکە دەبێت دەست بدەنە ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ماهییەتی سەرمایەدارانە و کۆنەپەرستانەی شەڕ و ئاکامەکانی لەسەر ژیانی خەڵک، دەبێ خەباتی ڕێکخراو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش چڕتر بکەنەوە. لەم هەلومەرجەدا، ڕاگرتنی شەڕ تەنیا لە ڕێڕەوی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییەوە تێدەپەڕێت

❊❊❊

# شـێعر

## ڕەنجدەران و وورەی بەردەوام

هێشتا ئێمە سووتەمەنی بەردەوامین

ناخی پەستی شەوگارەکان دەبرژێنین

هێشتا ئێمە دەستی دایکێکی دڵ نەرمین

لانکەی کۆرپەڵەی هیواکان ڕادەژێنین

هەتا ئێستاش بەرینایی ئاسۆی مێشکمان

مەلی سروودی مەزنی تیادەفڕێ

هەتا ئێستاش کۆڵیتی باخی دەروونمان

چرای ڕاز و خۆشەویستی تێا دەگرێ

****

لە گەڵ گێژەنی چاخەکان

فێربووین ڕەگ بە ناخا بەرین

بۆ مرۆڤی ئەودیو دەرگا بەسراوەکان

ژین بەڕێی قاچاخا بەرین

بەرەو دۆزەخی لە بیرچوون

ئازار لە گەڵ ئاخا بەرین

****

ئێمەی ڕەنجدەر

مێژووی چەندان دژایەتی و شەرمان دیوە

کەچی ئێستاش

مێشکمان داهێنەرێکی زۆر بەهێزە و نەبەزیوە

گەرچی ئەمرۆ چەوسێنەران درندانە

قەپ دەگرن لە تەوژمی هەنگاونانمان

شاڵاو دێنن

بۆ دزین و بڕینی خۆراک و نانمان

بەڵام ئێمە

تا هەتایە داهێنەر و پێداگرین

خۆ ڕاگرین

شەپۆلی ئاوازەداری نێڵە نێلی ئاگرین!!

* * *





**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی



**پێشـــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)



**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**

representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦